کرێکارانی جیهان یەکگرن!

پێشرەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم– ژمارە ۴۳۶–نیوەی دووەهەم ڕەزبەر۱۴۰۲–اکتبر ۲۰۲۳

# فرمێسکی درۆینەی ئۆردۆغان سەرۆککۆماری تورکیە بۆ خەڵکی غەززە




## جینایەتە جەنگییەکانی ئیسرائیل، غەززەی تا لێواری کارەساتێکی مرۆیی بردووە

لاپەڕەی۲

## تێکهەڵچوونی نێوان حەماس و ئیسرائیل

لاپەڕەی۳

## خەڵاتی مافی مرۆڤی ئورووپا بۆ ژینا سەرکەوتنێکی دیکە بۆ شۆڕشی ژن؛ ژیان؛ ئازادی

لاپەڕەی۴



۱۰ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانی خەبات لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدام

لاپەڕەی ۴



شۆرش لەپێناو ئاڵوگۆڕدا مومکینە، بەڵام پرسێکی دەستبەجێ و ئاسان نییە

لاپەڕەی ۵

## سەروتار

### فرمێسکی درۆینەی ئۆردۆغان سەرۆککۆماری تورکیە بۆ خەڵکی غەززە

هێرشی ئاسمانی وەحشیانەی ئەرتەشی تورکیە بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سوریای دێموکرات هەروا بە چڕی بەردەوامە، نەخۆشخانە و قوتابخانەکان، ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کارەبا، بیرەکانی دەرهێنانی نەوت و هەموو ئەو شتانەی کە بە ژێرخانی ئابووری هەژمار دەکرێن، کراونەتە ئامانج. لەو هێرشانەدا ئەرتەشی تورکیە کە بە پێشکەوتووترین چەکی کۆمەڵکوژ و مۆدێرنترین فڕۆکەی جەنگی تەیار کراوە، بێباکانە هێرش دەکاتە سەر هەر شوێنێک کە ئاسەوارێکی خەڵک و ئاوەدانی لێبێت. ژمارەی قوربانیانی خەڵکی بێ دیفاع بەردەوام لە زیادبووندایە. منداڵان و بەساڵاچووان زۆرترین قوربانیانی هێرشی ئاسمانی و تۆپخانەی ئەرتەشی تورکیە پێکدەهێنن. هەموو ئەم ڕووداوانە لە کاتێکدا ڕوودەدەن کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیە لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا لە دوو لێدوانێکی ڕیکارانەدا فرمێسکی درۆینەی بۆ خەڵکی غەززە ڕشتووە و هاوکات بۆخۆی هەمان کردەوەی جینایەتکارانە لە ڕۆژاڤا ئەنجام دەدات.

درێژە لە لاپەڕەی ۲

وتەک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی خەبات لەدژی هەژاری و برسێتی
لاپەڕەی ۶

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەوکوێ؟
لاپەڕەی ۷

ئاڵەنگارییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لەم بزووتنەوەی ئێستادا
لاپەڕەی ۸

پەیامی جینایەتکارانی حکوومەتی ڕوونە
لاپەڕەی ۹

«قەل بە قەل ، دەڵێت: ڕووت ڕەش بێت
لاپەڕەی ۱۰

## درێژەی سەروتار

نەخۆشخانەی «دێرک» کە خزمەتگوزاری پزیشکی پێشکەش بە زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەسی ناوچەکە دەکرد، لەلایەن بۆمب هاوێژەکانی ئەرتەشی تورکیاوە بەتەواوی وێرانکرا و ئەردۆغانیش دەڵێت: «هێرشکردنە سەر نەخۆشخانەیەک کە چارەسەری ژنانی بێتاوان و منداڵان و خەڵکی سڤیل دەکات، نموونەی بێ ئەوپەڕی نەبوونی سەرەتاییترین بەها مرۆییەکانە» بەڕاستی کە بێشەرمی ئۆردۆغان هیچ سنوورێک ناناسێت. ناوبراو هەروەها دەڵێت: داوا لە سەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکەم کە ئەم وەحشیگەرییە بێ وێنەیە لە کەرتی غەززە ڕابگرن» ئەوەی کە ئەرتەشی تورکیە لە ڕۆژئاوا دەیکات، نموونەی ئاشکرای تاوانێکی جەنگیی بە تەواومانایە. ئەو ئامانجانەی کە ئەرتەشی جینایەتکاری تورکیە دەستنیشانی کردوون، دەریدەخەن کە ئامانجی دەوڵەتی تورکیە لەناوبردنی سەرچاوە و ژێرخانە ئابوورییەکان، لەناوبردنی دامەزراوە مەدەنییەکان و ناچارکردنی خەڵکە بە جێهێشتنی ناوچەکە و سەرەنجام شکستپێهێنانی دەسەڵاتدارێتی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوا. بزووتنەوەی ڕۆژئاوا ئەگەرچی بەشێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لەدەستداوە، بەڵام گەلێک دەستکەوتی بەدەستهێناوە کە بە ئاسانی وەرناگیرێتەوە. لە ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنی کوردستانی سوریەدا، بە هەوڵ و تێکۆشانی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز، کۆمەڵێک یاسا لە بواری بەرابەری نێوان ژن و پیاو و بەشداری ڕاستەوخۆیان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، بەرابەری یاسایی کەسانی سەر بە ئایین و نەتەوە جیاوازەکان و هەروەها دەستەبەرکردنی ئازادییە سیاسییەکان، جێگیر کراوە کە هێشتاش دەتوانێت بۆ بزووتنەوە نارەزایەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیلهامبەخش بێت. ئەم بزووتنەوەیە بەهۆی دەستکەوتەکانییەوە نەک هەر سەرنجی خەڵکی سوریە، بەڵکوو سەرنجی خەڵکی سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیشی بەرەولای خۆی ڕاکێشاوە. ئەم بزووتنەوەیە نەک تەنیا بە سەرکەوتنە شکۆدارەکانی لە دژی داعش و بەرخۆدانی قارەمانانەی لە بەرامبەر فاشیزمی ئۆردۆغانیدا، بەڵکوو پێویستە بەو بەها مرۆییانەش کە لە پێناویدا بەرگری دەکات بناسرێتەوە ئەزموونی بەڕێوەبەرایەتی و ئیدارەی دێموکراتیک لەم ناوچەیەی سوریە بە هیممەتی ئەو ژن و پیاوانەی بڕیاریاندابوو کە چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان بێت، بۆ دەوڵەتی تورکیە تەحەمول ناکرێت. ئەوان بە فیداکاری و قارەمانەتییەکی کەم وێنە، هێزێکی وەک داعشیان تێکشکاندبوو و ناوچە ئازادکراوەکانیان کردبووە شوێنێکی تارادەیەک ئەمن و ئارام بۆ خەڵک لەچاو باقی ناوچە وێران و نیمچە وێرانەکانی سوریە. ئەم ئەزموونە و ناو و ناوبانگە جیهانییەکەی، لەو ڕووەوە کە ژنان و پیاوانی کوردستانی سوریە ڕۆڵی سەرەکییان تێدا دەبینی، بەردەوام وەک دڕکێک بوو لە چاوی ئەردۆغاندا. ئێستا لە هەلومەرجێکدا کە دەوڵەتی تورکیە ڕاستەوخۆ هێرشی کردووەتە سەر ئازادی و مافی ئەو خەڵکە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیان، لە دۆخێکدا کە دەوڵەتی ئەمریکا بەمەبەستی دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، پشتگیری لە دەوڵەتی تورکیەی بەلاوە گرنگترە لە پشتیوانیکردنی خەڵکی ڕۆژئاوا، لە هەلومەرجێکدا کە سەرجەم دەوڵەتەکانی ناوچەکە و لەوانە کۆماری ئیسلامی و ڕژیمی بەشار ئەسەدیش، بە لێدوانی ڕیاکارانە بەکردەوە لایەنی ئەردۆغان دەگرن، لە ئاوا دۆخێکیدا تەنیا پشتیوانی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕۆژئاوا، بریتییە لە کۆمەڵانی خەڵکی خەباتکاری ناوچەکە و ئازادیخوازانی جیهان. ئێستا ئیتر کاتی ئەوەیە کە ئەم پشتگیری و پشتیوانییە لە هێزەوە ببێت بە کردار. پشتیوانی هەمەلایەنە لەو خەڵکە ئازادیخواز و مافخوازەی کە بەم شێوەیە کەوتوونەتە بەر هێرشی هێزە فاشیستەکانی تورکیە و بەکرێگیراوەکانیان، پێویستییەکی هەنووکەیی و بەپەلەیە لە هەموو ئاستەکاندا

***

# جینایەتە جەنگییەکانی ئیسرائیل، غەززەی تا لێواری کارەساتێکی مرۆیی بردووە

لە کاتێکدا کە نزیکەی دوو حەوتوو لە دەستپێکی شەڕی نێوان ئیسلامییەکانی فەلەستین و دەوڵەتی ئیسرائیل تێپەڕ دەبێت، بۆردومانە یەک لە دوای یەکەکانی کەرتی غەززە لەلایەن ئەرتەشی ئیسرائیلەوە، ئەو ناوچەیەی بەتەواوی کردووە بە وێرانە. لە ئەنجامی بۆردومانەکاندا سەدان منداڵ و پیر و لاو گیانیان لەدەستداوە و هەزاران کەسیش برینداربوون. حکومەتی ئیسرائیل کارەبای کەرتی غەززەی بەتەواوی بڕیوە و ناردنی کەلوپەل و دەرمانی پێویستی بۆ ئەو ناوچەیە ڕاگرتووە. بە وتەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئیسرائیل سیاسەتی سزادانی بەکۆمەڵی خەڵکی غەززەی گرتۆتەبەر. ستەم لەسەر خەڵکی فەلەستین مێژوویەکی حەفتا ساڵەی هەیە. شەڕ و تێکهەڵچوون و کوشتاری خەڵکی بێتاوان لە هەردوو لاوە، ئاکامی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیلە. دەوڵەتی ئیسرائیل بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگوێ دەخات، تەنانەت مل نادات بەو تەرح و پلانە ئاشتییانەش کە لەلایەن دۆست و هاوپەیمانەکانییەوە پێشنیار دەکرێن. بە شارۆچکەسازی نایاسایی و نیشتەجێکردنی یەهوودییە بناژۆخوازەکان لەو شارۆچکانە، سیاسەتی داگیرکردنی سەرزەمینی فەلەستینییەکان بەرەوپێش دەبات و ئەو فەلەستینیانەی لە ئیسرائیل دەژین بە هاوڵاتی پلە دوو دادەنێت. هەر ئێستا زیاتر لە شەش ملیۆن و ٤٠٠ هەزار فەلەستینی ئاوارەن و لە ٥٨ کەمپی فەرمیدا دەژین کە بریتین لە، ١٠ کەمپ لە ئوردن، ٩ کەمپ لە سوریە، ١٢ کەمپ لە لوبنان، ١٩ کەمپ لە کەرتی ڕۆژئاوا و ٨ کەمپ لە غەززە. پشتگوێخستنی دۆخی ئاوارەکان و داگیرکردنی بەردەوامی سەرزەمینە فەلەستینییەکان لەژێر ناوی شارۆچکەسازیدا، بووەتە هۆی ئەوەی نەتەوەیەک لە مافی ژیانی بێبەش بکرێت. دەوڵەتی ئیسرائیل بە خراپ بەکارهێنانی سیاسەتە کۆنەپەرستانە و دژە یەهوودییەکانی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی کۆنەپەرستانەی گرووپە بناژۆخوازە ئیسلامییەکان لە غەززە، هەرچەشنە خەبات و تێکۆشانێکی خەڵکی فەلەستین لە غەززە، کەرتی ڕۆژئاوا و قودس، بە کردەوەی تیرۆریستی و بە فەرمانی کۆماری ئیسلامی دادەنێت و بە توندی ڕووبەڕووی خەڵکی فەلەستین دەبێتەوە. دەستگیرکردنی بەکۆمەڵ، تیرۆرکردنی لاوانی فەلەستینی، هەلومەرجێکی گەلێک سەخت و دژواری سەپێنراو بەسەر زیندانیانی سیاسی فەلەستینی، ڕێگریکردن لە مافی کارکردنی خەڵکی فەلەستین، کۆنترۆڵکردنی سەفەر و هاتوچۆکردنیان و داگیرکردنی ماڵ و حاڵیان، لە زومرەی سیاسەتی بەردەوام و هەمیشەیی دەوڵەتی ئیسرائیل بووە. ڕەوت و ڕێکخراوە بناژۆخوازەکانی فەلەستین، لەبری هەوڵدان بۆ یەکگرتووکردنی خەڵک بە مەبەستی دروستکردنی گوشاری سیاسی بۆ سەر ئیسرائیل و دەوڵەتە عەرەبی و موسڵمانەکان و وڵاتانی جیهان، هەندێک جار پەنا دەبەنەبەر کردەوەی نیزامی و لە دژی هاووڵاتیانی مەدەنی. بێگومان ئەم کردەوە نیزامییانەی ئەوان هیچ کۆمەڵێک بە دۆزی فەلەستین ناکات. یاریکردنی ئەم ڕەوتانە بە ئارمانی فەلەستین و لەپێناو ئامانجە ئیدیۆلۆژییەکانی خۆیان بە هاوئاراستە بوونیان لەگەڵ سیاسەتە ناوچەییەکانی وڵاتانی پشتیوان، دەتوانێت بیانووی پێویست بداتە دەست ئیسرائیل بۆ ئەوەی بە ئاراستەی سڕینەوەی پرسی فەلەستین و چاوپۆشیکردن لە مافی ژیانی نەتەوەیەک و داگیرکردنی تەواوی خاکەکەیان، لەبەرچاوی بێباکانەی جیهان هەنگاو بنێت. لە ئاوا دۆخێکدا، شکستی سەرشۆڕانەی دەوڵەتی بناژۆخوازی ئیسرائیل و بە وتەی بنیامین نتانیاهۆ، «دەوڵەتی یەهوود» و غافگیر بوونە سەرسوڕهێنەرەکەیان، ئەوانی گەلێک تووڕە کردووە. دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم شکستە سەرشۆڕانەیە و بە بیانووی کردەوەی گرووپە چەکدارەکانی حەماس، وێرانکردنی تەواوەتی غەززەی خستۆتە دەستووری کاری خۆیەوە و بە ئاشکراش ڕایدەگەیەنێت. وەزیری جەنگی ئیسرائیل لە سێیەم ڕۆژی هێرشەکاندا دەڵێت: فەرمانمان داوە گەمارۆی تەواو بخرێتەسەر ناوچەی غەززە؛ نە کارەبا، نە خۆراک، نە سووتەمەنی"... بۆردومانی وەحشیانەی کەرتی غەززە کە تەنیا لە ماوەی دوو ڕۆژدا زیاتر لە هەزار تۆن بۆمب بەسەر دانیشتوانی ناوچەکەدا ڕژا، بەیانگەری وەحشیگەرییەکی ڕەهایە لەبەرچاوی بێباکی جیهاندا. لەدژی ئەم وەحشیگەرییە چاوەڕوان نەکراوە و هەروەها ئەو هەلومەرجە نامرۆڤانەیەی کە لە «کەرتی غەززە» بەسەر خەڵکی فەلەستیندا سەپێنراوە، پێویستە دەنگی نارەزایی بەرز بکرێتەوە. ئاشکرایە کە خەبات و تێکۆشانی خەڵکی وڵاتەکانی ناوچەکە بۆ ئازادی و بەرابەری و دێموکراسی، دەتوانێ ڕۆڵێکی زۆر بەرچاوی لە بەهێزتربوونی ئەو هێزانە لەم سەرزەمینەدا هەبێت. سەرکەوتنی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە شۆڕشی شکۆداری «ژن، ژیان، ئازادی» بە دروشمە پێشکەوتنخوازو داخوازییە ئینسانییەکانی، دەتوانێت کاریگەرییەکی بەربڵاوی لەسەر خەباتی مەدەنیی خەڵکی فەلەستین و زەحمەتکێشانی ئیسرائیل هەبێت. ئەوەی کە حەماس ئەم قۆناغە لە شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی دەستپێکردووە، ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ڕێکارانە بەردی دیفاع لە مافەکانی فەلەستین لە سینگی دەدات و پشتیوانی لە حەماس دەکات، هیچیان زەڕەیەک لە ڕەوابوونی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی فەلەستین لە دژی دەوڵەتی جینایەتکار و مەزهەبی و ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل کەم ناکاتەوە. بۆردومانی بێبەزەییانە و وێرانکەری دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە، کە زیانێکی گیانی زۆری خەڵکی سڤیل و دانیشتوانی ئاسایی غەززە و لەوانە منداڵانی لێکەوتۆتەوە و تادێت زیاتر پەرەدەستێنێ، دەبێت دەستبەجێ ڕابگیرێت. پێویستە خەڵکی فەلەستین ببنە خاوەن مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. وەدیهاتنی ئەم مافە سەرەتاییە بۆ خەڵکی فەلەستین پێویستی بە پشتیوانی و هاودەنگیی نێونەتەوەیی هەیە

***


# تێکهەڵچوونی نێوان حەماس و ئیسرائیل – حەسەن ڕەحمانپەناه

## تێبینی: ئەم بابەتە بەشی یەکەمی کۆکراوەی وتەکانی هاوڕێ «حەسەن ڕەحمانپەناه»یە لە ژووری کلاب‌هاوسی ڕاوێژ

ئەمڕۆ یەکشەممە ٩ ڕۆژ لەو کارەساتە تێپەڕدەبێت کە جەریانی حەماس پەلامارێکی چاوەڕوان نەکراوی کردە سەر ئیسرائیل و لەو ڕووداوەدا، ١٥٠٠ چەکدار لە ڕێگای ئاسمان و زەوی و دەریاوە خۆیان گەیاندە ناو سنوورەکانی بەهێزترین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، واتە «ئیسرائیل» کەس تەسەوری نەدەکرد؛ بۆچی؟ بۆ ئەوەی کە زۆر جار وتراوە کە تاکوو ئێستا ئیسرائیل وڵاتێکی لە شکاننەهاتووە، وڵاتێکە بە هەموو کەرەستەیەکی پێشکەوتووی ئەمڕۆیی چاودێری زەوی و ئاسمان و دەریا و هەموو دەوروبەری خۆی دەکات باسی ئەوە دەکرا کە ئەم وڵاتە تەیارترین ئەرتەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هەیە و هەروەها باسی ئەوە دەکرا کە «گونبەدی ئاهەنین»ی ئیسرائیل کە ئامریکاییەکان پێیان داوە، ناهێڵێت هیچ پەلەوەرێک بەسەر ئاسمانی ئیسرائیلدا بڕوات و هەمووی دەخاتە خوارەوە. بەڵام لە دڵی هەمووی ئەم تایبەتمەندیانەی کە باسی دەکرا و دەوترا، لە پەلامارێکی ناغافڵدا، لە نێوان ١٥٠٠ تا ٢٥٠٠ (بە گوێرەی هەواڵەکان) چەکدار دەچنە ناو خاکی ئەم وڵاتەوە، سنوورەکان دەبەزێنن و ئەو جۆرەی خۆتان لە فیلمەکاندا بینیووتانە لە زۆر جێگادا لەو سنوورانە بە بۆڵدزێر و لۆدێر و ... ئەو بەربەستانەی کە ئیسرائیل دانابوون و هەروەها ئەو دیواری بەرگرییەی کە درووستی کردبوو، دەڕووخێنن و دەست دەکەن بە قەتڵ و عام و کوشتاری خەڵک

ئەمە نە یەکەم شەڕە کە لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان و یان ئیسرائیل و عەرەبەکان ڕووئەدات و نە دوایین شەڕیشە. تا ئەو کاتەی کە دەوڵەتی ئیسرائیل لە سەر ئەو سیاسەتی شوینیسم و پاکتاوکردنی ڕەگەزییەی خۆی پێداگری بکات، بەدڵنیاییەوە نە ئەو ناوچەیە ڕووی ئارامش بەخۆیەوە دەبینێت، نە ئیسرائیلیەکان و نە فەلەستینیەکان و نە خەڵکی دیکەیش. هەر بۆیە ئەم ڕووداوەی کە ڕووی‌دا، زۆر پرس و قسە و باسی هێناوەتە گۆڕێ. زۆر باسی ئەوە دەکرێت کە یەکێک لە ئەگەرەکان یان لە گومانەکان ئەوەیە کە چۆن ئەم ڕووداوە بە پێش چاوی گەورەترین سازمانی جاسووسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ڕووی دا؟! چۆن ئەم ڕووداوە بە پێش چاوی دەزگا سیخوڕییەکانی ناوچەکە و «CIA» کە هەم پاڵپشت و هاوکار و هەم دۆستی ئیسرائیلە ڕووی دا؟! ئەم هێرشەی حەماس نیشانی دا کە ئەمە کاری یەک ڕۆژ و یەک هەفتەش نییە، بەڵکوو کاری چەند مانگ و لەوانەیە چەند ساڵیش بێت کە لە پەنا دەستی ئیسرائیلدا و لە دوای ئاخرین شەڕ کە ٢٠٢١ کردوویانە، خەریکی خۆ تەیارکردن و هێز کۆکردنەوە و ئامادەکردنی چەک و چۆڵ بوون، بەڵام ئیسرائیل بەمانەی نەزانیوە؟ هەموو نیشانەکان ئەوە دەردەخات کە ئەم مووشەکانە لە غەززەدا دروووست نەکراون، بەڵکوو وڵاتانێکی‌تری وەکوو ئێران، ڕووسیە و هەروەها تێکنۆلۆژی چین یارمەتیدەر بووە. بەڵام چۆنە کە لە ژێر چاودێری ئەم هەموو سیستەم و دام و دەزگای جاسووسیەی کە ئیسرائیل و CIA و ئەوانە هەیانە نەبیندراون و یەکجێ کارەساتێکی ئاوا دەقەومێت کە گەورەترین قووربانیەکانی خەڵکی بێ‌دیفاع لە ئیسرائیل و فەلەستینن؟ بەگوێرەی ئامارەکان هەتا ئێستا زیاتر لە چەند هەزار کەس لە هەر دوولا کوژراون و ١٥٠ کەس لەلایەن حەماسەوە ڕفێندراون. هەروەها ئەو جینایەتانەی کە لە دڵی ئەو شەڕەدا حەماس نیشانی دا، زۆر جار بەراورد دەکرێ لەگەڵ ئەوەی کە ئەم کردەوانە کردەوەیەکی داعشیانەیە. بەڵام ئەی داعش لە کوێ درووست بوو؟ کێ ئەم نەوعە لە ڕەفتار و فکریەتەی هێنا ئاراوە؟ من لاموایە ئەمانە هەڵقوڵاوی فکریەتێکی پاوانخواز و توندڕەوی ئیسلامییە کە لە سەدری ئیسلامیشدا هەروا بووە. هەر لەو سەردەمانەوە کە ناویان نابوو غەزوە و شەڕ لەگەڵ کۆفار و وڵات گوشایی و شوێنیان داگیر دەکرد، هەر ئەم کارانە دەکرا، هەربۆیە پێویست ناکات بڵێین کە داعش لە کوێ ئەمانەیان وەرگرتووە.

ئەوەی کە هەیە ئەم ڕووداوە یان ئەم پلانەی کە کاری بۆ کرا بوو پلانێکی دەقیق بوو، نەخشە دارێژراو بوو و بەو مەعنایەش تا ئەو جێگایەی ئەوان مەبەستیان بوو سەرکەوتوو بوو ئەم پلان و بەرنامەیەی حەماس شکۆی ناوچەیی و جیهانی ئیسرائیلی شکاند، هەروەها ئەم ڕووداوە ڕێک هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی شەممە ٧ی ئۆکتۆبر واتە پەنجاهەمین ساڵڕۆژی پەلاماری دوو ئەرتەشی بەهێزی ئەو کات، واتا میسر و سووریە بۆ سەر ئیسرائیل و شەڕێکی زۆر قورسی لێ کەوتەوە. دوای شەڕی ٦ ڕۆژەی ١٩٦٧ کە بە شەڕی ٦ ڕۆژە دەناسرا، چەندین وڵاتی عەرەبی تێیدا دەرگیر بوون، ئەوە دووەهەمین شەڕی قورسی وڵاتانی عەرەبی بوو و لە دوای ئەوە ئێمە شاهیدی شەڕی دەوڵەتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل نین، دوای ئەوە شەڕەکە دەبێت بە شەڕی نێوان گرووپەکانی فەلەستینی لەگەڵ ئیسرائیل و تەقریبەن دەوڵەتەکان چوونە ناو پرۆسەیەکی‌تر لەگەڵ ئیسرائیل. بۆیە لەو ڕۆژەدا کە لە لایەکەوە ڕۆژێکی مۆقەددەسە بۆ جوولەکەکان، ڕۆژی بەڕۆژوو بوون و ڕۆژی جێژنی ساڵی پێ ئەڵێن، لە دڵی بارودۆخێکی وەها دا ئەو کوشتارە بێ‌ڕەحمانەیەی کە کرا هەم شکۆی ئیسرائیلی شکاند و هەم لەلایەکی‌ترەوە هێنەرەوەی ڕووداوێک بوو کە پەنجا ساڵ لەمەو پێش ڕوویدابوو، ئەو پەلامارە بەرنامە بۆ دارێژرا بوو و بەبیر هێنەرەوەی ئە شەڕە بوو کە لە ئەوڵەوە هەم سووریە و هەم میسر سەرکەوتنیان بەدەست هێنا بەڵام دواتر، دوای ئەوەی کە ئیسرائیل خۆی گرتەوە لە شەڕی ١٩٧٣ـدا توانی وەرەق وەرگێڕێت و شەڕەکە بە قازانجی ئیسرائیل شکایەوە و بەشێکی زۆر لە سەحرای سینا و بەرزایەکانی گوڵان کەوتە دەست ئیسرائیل و ئیسرائیل شوێنی زۆرتری هێنا ژێر ڕکێفی خۆی. ئەم ڕۆژە ئاگاهانە هەڵبژێردرا بوو کە لە بیروڕای گشتی‌دا مانایەکی سیاسی دیاریکراوی بوو ئەو غافڵ گیریەی کە ڕوویدا، گومانێکی زۆری درووست کردووە لەسەر ئەوەی کە ئایا بەڕاستی ئەمانە لەلایان دەم و دەزگاکانی ئەمنییەتی ئیسرائیلەوە چاو پۆشی لێ نەکرا؟! ئایا ناتانیاهۆ وەک یەکێک لە دەستە ڕاستی‌ترین و یەکێک لە خراپ‌ترین و جینایەتکارترین سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل کە بە شتێک جگە لە پاکتاوی ڕەگەزی لە دژی فەلەستینیەکان ڕازی نابێت و دەوڵەتەکەی دەرگیری بۆحرانێکی قووڵ بووە و بڕیار بوو تەزاهۆراتێکی گەورە و بەرین لە ڕۆژانی داهاتوودا لە دژی بکردرایەت، چاوپۆشی نەکرد؟! قووربانی بوونی چەند هەزار کەس لای ئەوان گرنگ نییە، بەڵکوو گرنگ نییەت و مەبەستی ئەوانە (دەوڵەتی ئیسرائیل) لە هێندێک لە ڕۆژنامەکاندا باس لەوە دەکرێت کە میسرییەکان، ئیسرائیلیەکانیان ئاگادار کردبووە کە مەترسی ڕوودانی شەڕێکی گەورە هەیە. لە دواییدا ئەم بابەتە هەم بە درۆ خرایەوە و هەمیش پشتڕاست کرایەوە و سیناتۆرە کۆماریخوازەکانی ئامریکا وتیان بەڵێ، ئیسرائیل ئاگاداری ئەمە بووە! ئەگەر ئەمە ڕاست بێت چ شتێک لەوە قێزەونترە کە لە دونیای سیاسەتی دەستەڕاستیەکاندا ئەمڕۆکە بەم شێوەیە خەڵک دەکەن بە گۆشتی دەمی تۆپ و خەڵک بۆ ئامانجە دزێوەکانی خۆیان بەکار بهێنن. ئێمە دەبێ چاوەڕوان بین و بزانین زۆر ڕووداو هەیە ڕەنگە دەیان ساڵی پێ‌بچێت تا لە ئارشیوەکان بێنە دەرەوە. بۆ نموونە ڕووداوی کودەتا لە دژی دوکتۆر محەممەدی موسەدیق، پەنجا ساڵی پێ‌چوو تاکوو ئامریکایەکان لە ئارشیوی خۆیان ئەسنادەکانیان هێنایە دەرەوە و ڕاستیەکەی دەرکەوت. یان کودەتا و تیرۆرەکانی‌تر لە زۆربەی دوونیادا. دوای ئەو ماوە زۆرە زۆربەی ئەو کاربەدەست و بڕیاردەرانە نەماون. ئەم ڕووداوەیش زۆری پێ‌دەچێت تاکوو وردەکاریەکانی ڕۆشن بێتەوە، بەڵام بۆ خەڵکی تیژبین ئەم کارەسات و تاوانەی کە ڕووی داوە، گومان ئەخاتە سەر ئەوەی کە ئیسرائیل بە مەبەست ئەم کارەی کردبێت و بۆ بە لاڕێدابردنی بیروڕای گشتی ئیسرائیل. دەبێت لەم ڕاستیانە بگەڕێن تاکوو ڕۆشن دەبنەوە، بەڵام ئەمڕۆ لە دڵی ئەو فەزایەدا کە درووست بووە، جەریانی ڕاستی هەردوولا خەریکی ئیستفادەن. هەم لە ناو ئیسرائیل دا بەرەی ڕاستی پێ بەهێز بووە و دەوڵەتێک کە لە حاڵی ڕووخاندندا بووە، دەوڵەتێکی لەحاڵی شەڕی درووست کردووە و باسی پەلاماری ئەمڕۆ و سبەینێ بۆ سەر غەززە ئەکات و تا ئێستا زۆرتر لە ٦٠٠٠ بۆمب و مووشەکی لە کەرتی غەززە داوە، کە پانتاییەکەی ١٦ کیلۆمتر و درێژییەکەی ٤١ کیلۆمترە و یەکێک لە پڕ دانیشتووترین شوێنەکانی دوونیایە و دەبینین کە چ کارەسات و چ جینایەتێک لەبەر چاوی هەمووومان لەو مەنتەقەیە خریکە ڕوو ئەدات



بەڵام ئەگەر بمانەوێت ئاماژەیەک بە ڕیشەکانی ئەم شەڕە بکەین ئەبێت بڵێم کە هەر ئەو جۆرەی ئاماژەم پێکرد ئەمە یەکەم شەڕ نییە. لە کاتی درووس بوونی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ـەوە تا ئێستا ئێمە شاهیدی گەلێک شەڕ و تێکهەڵچوون بووین کە لە نێوان دەوڵەتە عەرەبەکان، ڕێکخراوی ئازادی‌بەخشی فەلەستین و جەریانەکانی‌تر و ئیسرائیل ڕوویانداوە باش وایە ئاماژە بە خاڵێک بکەم کە بێ ڕەبت بە چارەنووسی خەڵکی کوردستانیش نییە! ئێمە زۆر جار لە ڕاگەیاندن و لە مێژوودا ناوی قەراردادی «سایکس-پیکۆ»ـمان بیستووە. قەراردادێک کە بووە هۆی دابەشکردنی کوردستان لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٦ کە ئەو ڕووداوانەی دوایەی کوردستانی لێ کەوتەوە و ئەو بەڵا و موسیبەتانەی کە ئێستا بەسەر کوردا دێت ئاکامی ئەوە بوو ڕێکەوتنێکی‌تر هەیە بەناوی «بەیانیەی بالفوور» کە لەلایەن سیاسەتمەدارێکی بەریتانی کە لەو سەردەمەدا وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە بوو، لە ساڵی ١٩١٧دا، دەستپێشخەری ڕێکەوتنێکی چکۆلە دەکات کە بناغەی ئەم بەڵا و مۆسیبەتانەی ئەمڕۆکە و درووستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر ئەوە دادەمەزرێت ئەم کەسە کە وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی بەریتانیایە، لەسەر ئەساسی ئەو بارودۆخەی کە جوولەکەکان لە ئەورووپا تێیدان و بێ‌ڕێزیەک کە خەڵکی ئەورووپا بەوانی دەکەن و هەردەم تۆمەتی دزی و شتی خراپیان لێ ئەدان و هەروەها کوشتاری جوولەکەکان لە ڕووسیە و ئاڵمانی هیتلێر، بۆیە قسەی ئەوە هاتە گۆڕێ کە ئەمانە لە ئەورووپا دوور بخرێنەوە. بۆ ئەمە ڕێگا حەل چییە؟ پێشتر بیرۆکەی درووستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەلایان جوولەکە توندڕەوەکانەوە باسکرابوو و وتیان کە جوولەکەکان ڕێگایەکیان نییە جگە لەوەی کە دەوڵتیان ببێت. بەڵام ئەو کەسەی لە ڕاستیدا ستارتی درووستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیلی لێدا، ئەو وەزیرەی دەرەوی ئەوکاتی بەریتانیا بوو و ئەوە کە لە بەیانییەکی زۆر کوورتدا باس لە درووستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل دەکات درێژەی هەیە..

***

# خەڵاتی مافی مرۆڤی ئورووپا بۆ ژینا سەرکەوتنێکی دیکە بۆ شۆڕشی ژن؛ ژیان؛

"ژینا ئەمینی" و بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" لە لایەن پارڵەمانی ئورووپاوە وەک براوەی خەڵاتی مافی مرۆڤی ٢٠٢٣ ڕاگەیەندران. "ژینا ئەمینی"، تەمەن ٢٢ ساڵ و خەڵکی سەقز، ٢٢ی خەرمانانی ١٤٠١ بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی ئیجباری




لەلایەن گەشتی ئیرشادی ڕژیم لە تاران دەستبەسەرکرا. دوای چەند کاتژمێرێک بۆ نەخۆشخانە گواسترایەوە و دوای سێ ڕۆژ، گیانی بەختکرد. قەتڵی حکوومەتی "ژینا " بوو بە هەوێنی سەرهەڵدانێکی پڕ تەوژمی جەماوەریی کە چەخماخەکەی لە کوردستانی شۆڕشگێڕەوە لێدرا ئەمڕۆکە لە ڕەوتی بەردەوام بوونی شۆڕشی ژینادایە کە دەبینین سیمای شارەکانی ئێران لە ئەنجامی نافەرمانی مەدەنی و جەماوەریی ژنان و لاوان و لە ئەنجامی گیانبەختکردنی بە سەدان پێشەنگی ئەو شۆڕشە بە تەواوی گۆڕدراوە. ئەو زولفە جوان و پەرێشانانەی کە بە دەم باوە دەشەکێنەوە و یەکێک لە کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی ئەو ڕژیمەیان ڕماندووە؛ تەنیا تایبەت بە شەقامەکانی باکووری تاران نییە، بەڵکوو لە شەقامەکانی باشووری پایتەخت و شارە گەورە و بچووکەکانیشدا، ژنان و لاوان شادەماری ژیانی شاریان بەدەستگرتووە ژینا پێش خەڵاتی مافی مرۆڤی پارڵمانی ئورووپا خەڵاتی شایستەی خۆی لە کۆمەڵگای زیندوو و خەباتکاری کوردستان و هەموو ئێران پێبەخشرابوو. "مۆژگان ئیفتخاری" دایکی ژینا لە پێوەندی لەگەڵ خەڵاتی ژینا و بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" نووسیویەتی: "ژینا گیان، کچی شیرینم لە خەو هەستە تا ببینی ناوت ئەمڕۆ لە سەرتاسەری جیهان دەنگی دایەوە، چاوەکانت بکەوە تا ببینی ئەمڕۆ بنەماڵەیەکی بە گەورەیی هەموو دنیات هەیە" لە کەس شاراوە نییە کە دەوڵەتانی سەرمایەداری ئورووپا هەرگیز ئەولەوییەتی ئابووری و سیاسی خۆیان نەناوەتە پێناوی بەڕێوەچوون یان بەڕێوەنەچوونی مافی مرۆڤ لەم یا لەو وڵات. هەر ئەو دەوڵەتانە ئا ئێستاش ئامادە نەبوون کە سپای پاسداران سەرچاوەی تیرۆریزم لە ناوچەکە و قاتڵی ژینا و بە سەدان کوڕ و کچی لاوی ئەو وڵاتە وەکوو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بناسن. ئەوە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان و ناو و ناوبانگی جیهانی شۆڕشی ژینایە کە وایان لێدەکات خەڵاتی ڕێزلێنان بە ڕەمزی ئەو شۆڕشە واتە ژینا، ببەخشن

***

# ١٠ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانی خەبات لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدام

١٠ی ئۆکتۆبەر ڕۆژ جیهانی خەباتە لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان. پەرەسەندنی ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە دەرکردن یان جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدان تێیاندا هەڵوەشاوەتەوە، ئەوە نیشان دەدات خەبات و تێکۆشانەکانی تا ئێستا لەم بوارەدا کاریگەر بووە. ڕاپرسییەکی ئاماریی دەریدەخات کە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ لە نێوان ١٩٥ وڵاتی جیهاندا ١١١ وڵات سزای لەسێدارەدانیان بەتەواوی هەڵوەشاندووەتەوە، ٢٤ وڵات سزای لەسێدارەدانیان هەڵپەساردووە و سیاسەتێکی جێگیری جێبەجێنەکردنی ئەو سزایەیان پەیرەو کردووە و لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا ئەو سزایەیان بەکردەوە دەرنەهێناوە. لە ٧ وڵاتیش جگە لە تەنیا هەندێک حاڵەتی زۆر تایبەتی وەک ئەو تاوانانەی کە بۆنموونە لە کاتی شەڕدا ڕوودەدەن، ئەگینا سزای لەسێدارەدان بەڕێوە ناچێت. سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەوەی کە هێشتا سزای لەسێدارەدان لە ٥٠ وڵاتی جیهاندا بوونی هەیە، ئەوە دەردەخات کە مرۆڤایەتی هێشتا لەگەڵ چ دیاردەیەکی گیانسەخت دەست و پەنجە نەرم دەکات. لایەنگران و داکۆکیکارانی دەرکردن و جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان، ئەو بابەتە وەک ئامرازێک بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوان بردنەسەرەوەی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی پاساو دەکەن. یەکەم: بەر لە هەموو شتێک ئەزموونی سەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و لێکۆڵینەوە و زانیارییە باوەڕپێکراوەکان ئەوە نیشان دەدەن کە لە هیچ کۆمەڵگایەکدا، لە ڕێگای سزای لەسێدارەدانەوە، ڕێژەی تاوان و تاوانکاری نەک هەر کەم نەبووەتەوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، لەو ڕووەوە کە ئێعدام خۆی لە خۆیدا هەستی تۆڵەسەندنەوە بەهێز دەکات، بەکردەوە توندوتیژی لە ناو کۆمەڵگادا پەرەپێدەدات. کاتێک کوشتن لەبەرامبەر کوشتندا لەلایەن حکومەتەوە ڕێگەپێدراوە، سروشتییە کە هەندێک کەس هانبدرێن بۆ ئەوەی بە دەستی خۆیان ئەم بەناو عەداڵەتە جێبەجێ بکەن. دووەم: هەر ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات لەو کۆمەڵگایانەی کە کەلێنی نێوان هەژاری و سەروەت قووڵتر دەبێتەوە و سیستەمی ئابووری دەبێتە هۆی هەژارتر بوونی زۆربەی هەرەزۆری خەڵک و لە هەمان کاتدا سەروەتێکی زۆر و زەوەند لە دەستی گروپێکی بچووکدا کۆدەبێتەوە، هەژاری و بێبەشی کۆمەڵایەتی بەردەوام دەبێتە هۆی بەستێنێک بۆ پەرەسەندنی تاوان لە کۆمەڵگادا. لە ڕاستیدا ئەوە هەلومەرجی ماددی ژیانی کۆمەڵایەتییە کە مرۆڤ بەرەو تاوان پاڵپێوەدەنێت و دەوڵەتەکان و چینی دەسەڵاتدار ڕاستەوخۆ بەرپرسن لە سەپاندنی ئەو دۆخە ماددییە بەسەر ژیانی زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکدا

بەڵام سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی وەک دیکتاتۆرییەکی ئایینی پشتبەستوو بە شەریعەت، مەسەلەکە زۆر لەوە ئەولاترە. ئەم ڕژیمە بەپێی ڕێژەی دانیشتوان لە سەرووی ئەو وڵاتانەدایە کە حوکمی لەسێدارەدان تێیاندا جێبەجێ دەکرێت. ئەم ڕژیمە ئینسانەکان نەک تەنیا بە هۆی تاوانەوە، بەڵکوو بە هۆی بیروباوەڕ یان دژایەتی سیاسی لەگەڵ ڕژیمی دەسەڵاتدار، لە مافی ژیان بێبەش دەکات. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا جگە لە بەکارهێنانی زیندان و ئەشکەنجە و جۆرەکانی دیکەی سەرکوت، سزای لەسێدارەدانی بە شێوەیەکی سیستماتیک و ڕێکخراو لە دژی نەیارانی سیاسی و ناڕازیانی کۆمەڵایەتی و قوربانیانی زیانە کۆمەڵایەتییەکانی هەر ئەم نیزامە ستەمکارە سەرمایەدارییە، بەکارهێناوە. ئەم ڕژیمە هەوڵ دەدات لەڕێگەی بەکارهێنانی سزای لەسێدارەدانەوە کۆمەڵگا بە گشتی چاوترسێن بکات و ناچاریان بکات کە ملکەچی ئەو دۆخە سەپێندراوە بن. لەمڕووەوە ئەگەرچی خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان وەک کوشتنی بە ئەنقەستی دەوڵەتیی خۆی لە خۆیدا پرسێکە کە دەبێت لە هەر بارودۆخێکدا شێلگیرانە لەسەری بەردەوام بین، بەڵام گرنگی ئەم خەباتە لە بارودۆخی ئێستادا، کە ڕژیم بە ئاشکرا تەنانەت لە ئێعدامکردنی ئەو کەسانەش کە بە تاوانی ئاسایی مەحکووم کراون، بەشوێن ئامانجی سیاسیی دیاریکراووەیە، گرینگی و پێویستییەکەی بە چەند قات زیاتر دەبێت. ئەم ڕژیمە بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە ئامێری کوشتار هەیە. هەربۆیە پێویستە ئەم ئامێرە لەکار بخرێت و تێکبشکێندرێت لە بەرامبەر ئامێری کوشتاری کۆماری ئیسلامیدا کە لە چل و چەند ساڵی ڕابردوودا، ئێعدامە نامرۆڤانەکانی لە سەربانی «مەدرەسەی ڕیفاە»وە دەستپێکرد، دواتر گەیشتە کوردستان و تورکمانسەحرا و تەواوی دەیەی شەستی لەخۆگرت، لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ دەستیدایە جینایەتێکی دژی مرۆڤانەیەتی لە زیندانەکاندا و بەستییەوە بە لەسێدارەدانی لاوان لە ساڵەکانی دواتر و تا گەیشتە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژیناش، بزووتنەوەیەکی دادخوازانەی بەربڵاو و جەماوەریی شکڵی گرتووە کە ئێستا بووەتە یەکێک لە پایەکانی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان لە ئێران.

جگە لەوەش بزووتنەوەی خەبات لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، لە نێو ڕۆشنبیران، دادخوازان، هەڵسووڕاوانی مەدەنی و سیاسی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر پەرەدەستێنێ. لەمڕووەوە بێ گومان لە سبەی ڕۆژی دوای کۆتایی هاتنی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، نەک هەر بە هیچ پاساوێک بڕیاری زەوتکردنی مافی ژیان لە هیچ مرۆڤێک قبوڵ ناکرێ، بەڵکوو بە فەرمانی ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی جەماوەر، دۆسیەی تاوانبارە ورد و درشتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی دادگا خاوەن سەڵاحییەتەکانەوە لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، بەڵام نابێت سزای لەسێدارەدان لە دژی هیچ کەسێک دەربکرێت و سزای هەتاهەتایی زۆرترین سزایە کە دەبێت لەدژی کەسی تاوانبار دەربکرێت. تەنیا بەم شێوەیە دەکرێت کۆتایی بە ڕەوتی تۆڵەسەندنەوە بهێنرێت و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێرانی داهاتوودا، لەسەر بنەمای کەرامەتی مرۆڤایەتی بنیات بنرێت. لم پێوەندییەدا جێگای خۆیەتی کە بە وردی سەرنج بدەینە ئەو ڕستە درووستەی»ویکتۆر هوگۆ» کە دەڵێت: «سەیرکەن، هەڵوێستە بکەن و بیربکەنەوە! ئایا بەڕاستی پێتانوایە ئێعدام ئەو شتەیە کە وانەی لێوەربگیرێت؟ بۆچی؟ لەبەرئەوەی فێرتان دەکات؟ مەگەرچی لەم وانەیە فێردەبن؟ ئەمە نابێت بکوژرێت؟ نابێ بکوژرێت چۆن فێردەبن؟ بە کوشتن؟ من بیرم لە کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی سزای لەسێدارەدان کردۆتەوە. واتاکەی چییە؟ هیچ, جگە لە کردارێکی نەفرەت لێکراو و بێهوودە، هیچ، جگە لە توندوتیژییەکی خوێناوی، کە ئەگەر تاک ئەنجامی بدات، پێی دەڵێن تاوان و سەد مخابن ئەگەر کۆمەڵگاش ئەنجامی بدات، پێی دەوترێت دادپەروەری! یاسادانەر یان دادوەر و یان هەرکەسێک بێت، ئەوە بزانە کە ئەوەی بۆ تاک تاوان بێت، بێگومان بۆ کۆمەڵگاش تاوان دەبێت»

# شۆڕش لەپێناو ئاڵوگۆڕدا مومکینە، بەڵام پرسێکی دەستبەجێ و ئاسان نییە!

## ن: جەماڵ بزورگپوور



بزووتنەوەیەکی بەهێزی کە لە کۆتاییەکانی مانگی گەلاوێژی ١٤٠١ لە کوردستانەوە دەستی پێکرد و دواتر هەموو ئێرانی گرتەوە، بوو بە بەرینترین و درێژماوەترین نارەزایەتی دژە حکومەتی لە مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێراندا. ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی یەک ساڵ، سێبەری ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا و داواکارییەکانی کەشوهەوای کۆمەڵگای ئێرانی هەروا داگرتووە. هەرئەوەندە بەسە کە هەموو ڕووداوەکانی ئەم کۆمەڵگایە، تەنانەت زۆرێک لە سیاسەتە ورد و درشتەکانی دەسەڵاتی خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. چونکە ئەم بزووتنەوەیە نەک تەنها لە شەقام و گۆڕەپانەکاندا، بەڵکوو لە قووڵایی کۆمەڵگادا ئەو شوێنەی کە ژیان تێیدا بەردەوامە، ڕەگ وڕیشەی داکوتاوە، ژیانێکی کە ڕۆژانە و بەردەوام لە خۆت دەپرسیت، بۆ؟ بەدوای وەڵامی گەلێک پرسیاری بێ وڵامەوە بوو کە دەرەنجام دوای سەفەرێکی ٤٤ ساڵە و تێپەڕکردنی گەلێک هەوراز و نشێو و تێپەڕین لە چەندین ئەزموون و خەتا، گەیشتە قۆناغی ژن، ژیان، ئازادی و سەرەنجام دەنگی هەڵبڕی: دۆخێکی کە خوداوەندەکانی سەرزەوی بەسەر ئێمەیاندا سەپاندووە، شایستەی ژیانی مرۆڤایەتی نییە، تیایدا ئاسەوارێک لە ڕێز و کەرامەتی مرۆڤایەتی بوونی نەماوە و لە بری ئەوە تەسلیم بوون و ڕەزامەندیی بە مانەوە و بەردەوامبوونی خواوەندە سەپێندراوەکان بۆتە واقعی کۆمەڵگا. هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی لە پشت ئەم هاوارەوە بوو، کە گەیشتە ئەو ئەنجامەی پێویستە لە هەنگاوی یەکەمدا ئەم خوداوەندانە لە دەسڵات دوور بخرێنەوە و دواتر ژیان بۆ مرۆڤەکان بگەڕێتەوە و لە لەخۆنامۆبوون ڕزگار بکرێن و ئاڵای ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤەکان لەسەر وێرانەکانی نەزمی کۆن بەرز بکرێتەوە. هەرچیەک هەبوو لە بەدیهاتنی ژن، ژیان و ئازادیدا کورتکرایەوە. بەڵام ئەوە ڕوون بوو و ئێستاش دیارە کە گرتنەبەری هەنگاوگەلێکی ئاوا گەورە پێویستی بە هێزێکی گەورە و یەکگرتوو بووە و ئێستاش هەیەتی. هەرگیز بەوجۆرە نەبووە و نابێت کە بزووتنەوە بەرینە کۆمەڵایەتییەکان هەر لە سەرەتاوە پێداویستییەکانی گۆڕانکارییان بەشێوەی ئامادە لەبەردەستدابێت و یان لە چاوەڕوانی ئامادەبوونیاندا دابنیشن، بەڵکوو ئەم پێویستییە لە کاتی نەبەردی سەخت و ئەزموون و خەتا دا دەستەبەر دەبێت. هەر ئەوەش ڕوویدا، لە هەنگاوی یەکەمدا، ئەوە ڕوون بووەوە کە کۆماری ئیسلامی ئەو دەسەڵاتە ئیلاهییەی کە ژنی بە کۆیلە و ژیانی تاڵ و ئازادی سەرکوت کردووە، خاوەنی هێزێکی سەرکوتگەر و ڕێکخراوە بۆ بەرگری لە دەسەڵاتەکەی، هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەو ئاراستەیەدا ڕۆیشت کە ئەم هێزە تەنیا بە هێزێکی کۆمەڵایەتی بەرین لەکار دەکەوێت. هەنگاوی یەکەمی ئەم ڕاپەڕینە لە مانگی گەلاوێژەوە تا کۆتایی ساڵ، بەس بوو بۆ ئەوەی دەربکەوێت کە ئەم هێزە هێشتا بەتەواوی نەهاتۆتە مەیدان و لە کۆتایی ساڵەوە و تا ئەمڕۆش لە ئەنجامی سەرکوتەکانی حکومەتدا، لە شەقامەکان پاشەکشەی کردووە و لە هەوڵی خۆ بەهێزکردندایە بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو تواناییەکانی خۆی بەکاربهێنێت و بە هێزێکی بەرینتر و ڕێکخراوتر بگەڕێتەوە سەر شەقامەکان. بزووتنەوەی نارەزایەتی لە شەقامەکان پاشەکشەی کرد، بەڵام بەو پێیەی ڕەگ و ڕیشەی لە قوڵایی کۆمەڵگادا بوو، لە خەبات و نارەزایەتی ڕۆژانەدا درێژەی کێشا و لە سەنگەری بزووتنەوەی داواکاریدا هەروا بەردەوامە لە بەرخودان و خۆڕاگریی. سەنگەری بەردەوامی بزوتنەوەکە ئەو سەنگەرەیە کە دەکرێت هۆشیاری کۆمەڵایەتی تیایدا قووڵبکرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت هێزێکی زۆرتر بهێنێتە مەیدان و خۆی ڕێکبخات و ڕێبەریی بزووتنەوەکە مسۆگەر بکات

بەڵام لەماوەی ئەم سەرهەڵدانەدا، ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەتی لە بەرەی ڕاستدا، ڕووخانی حکومەتیان بە کارێکی سادە و خێرا دادەنا و بەپێی ئەم تێڕوانینەش، کۆمەڵێک ڕێوشوێنی ئەوتۆیان گرتەبەر کە نەک تەنیا لەگەڵ ڕەهەند و جەوهەری نارەزایەتییەکان و وڵامدانەوە بە پرسیارە بێ وڵامەکانی کۆمەڵگای بێزار لە دەسەڵاتی خوداوەندەکانی سەرزەوی لەم قۆناغەدا ناتەبا بوو، بەڵکوو لە ڕاستیدا جگە لە داکۆکیکردن لەسەر درووستی ڕێوشوێنەکانیان و جێخستنی لە بیروڕای گشتی خەڵکدا، ئەوەی کە کردیان ئاستەنگ دروستکردن بوو لەبەردەم پێکهێنانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لەو ژیانەدا کە لە زۆرینەی خەڵکی کۆمەڵگا درێغ کراوە. هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی بزووتنەوەکە لەئاستێکی ڕووکەشدا بمێنێتەوە نەک لە قووڵاییدا. لە ڕووکەشدا مانەوە بەمەبەستی جێگۆڕکێ بە خوداوەندەکان و لە قووڵاییدا مانەوە بۆ بەخشینی مانا بە ژیانی مرۆڤ. لە ڕاستیدا هەوڵێک بوو بۆ لە چاوەڕوانیدا ڕاگرتنی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوەی بەرو ڕادیکاڵبوون نەچن و خۆیان ئامادە نەکەن بۆ بەدەستهێنانی هێز بەمەبەستی گۆڕانکاریی بنەڕەتی و هەروەها بۆ ئەوەی ئاخێزی ئاڵوگۆڕ پێکهێنەری ژینا باوەڕ بەوە بهێنێت کە ئەوان دەیڵێن و هەژموونی ئەوان تەنیا بۆ ڕزگاربوون لە دەست «ئاخوندەکان» قەبووڵ بکەن. بێ ئاگا لەوەی کە هۆشیاری کۆمەڵایەتی دەیزانی کە کێشەکە تەنیا بوونی ئاخوندەکان نییە، بەڵکوو زۆر لەوە قووڵترە، کێشەکە بوون و کرداری ئەو سیستەم و پەیوەندیانەیە کە بووەتە سەرچاوەی دابینکردنی بژێوی ژیانی ئاخوندەکان. سەرەڕای ئەوە، لە شەن و کەو کردن و خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوودا، جگە لە پێگە و ئەدای ئۆپۆزسیۆن، ناتوانرێت چاوپۆشی لە ڕاستییەکی سەرەکی بکرێت و ئەویش ئەوەیە کە بەشێوەیەکی گشتی شۆڕش کۆمەڵێ ئاڵۆزیی خۆی هەیە و بەتایبەتی لە چەند دەیەی ڕابردوودا، لەگەڵ ئەو پێشهاتانەی کە جیهانی ئێمە بەخۆیەوە دیتووە، تا ڕادەیەک ئاڵۆزتر لە ڕابردووە. لە ئەنجامی ئەگەری سەرکەوتنی شۆڕشێکدا، بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو، پێویستی بە ئاستێکی نوێ لە پلاندانان و ڕێکخستن و توانایی ڕێبەرایەتی هەیە، کە ئێمە لە ژمارەکانی پێشووتری گۆڤاری پێشڕەو دا لەم بابەتەوە دوابووین. (پێشڕەوی ژمارە ٤٣٣، پیداڤیستییەکان و ئامرازەکانی بەردەوامبوونی شۆڕوش کامانەن) لێرەدا بە کورتی باس لەوە دەکەین کە بۆچی بەڵێنی سادە و دەستبەجێی سەرکەوتنی شۆڕش هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ جەوهەری ڕاستەقینەی ڕاپەڕینی ژینادا ناتەبا بوو..

کاتێک باس لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەکرێت لەپێناو گۆڕینی ئەو دۆخەی ئێستا (نەک تەنیا گۆڕینی حکومەت)، ڕوونە کە کۆمەڵگا دەبێ ئەم ئاڵوگۆڕە لە ڕێگەی شۆڕشەوە بە ئەرکی خۆی بزانێت، چونکە لە دۆخێکدایە کە درێژەدان بە ژیان بەم فۆرمەی ئێستا بۆتە شتێکی نامومکین، بە واتایەکی تر زۆرینەی ئەم کۆمەڵگایە نایانەوێت و ناتوانن بەو شێوازەی ئێستا درێژە بە ژیان بدەن و خوازیاری گۆڕانکارین، لەمڕووەوە ئەم خواستە واتە گۆڕانکاری بووەتە خواستێکی کۆمەڵایەتی. بەڵام چ گۆڕانکارییەک؟ گۆڕانکارییەکی کە مافی ژیان و خۆشگوزەرانی و ئەمنییەت و ئاسوودەی بۆ بگەڕێنێتەوە، بە واتایەکی تر، ئەو ژیانە مەحاڵەی ئێستا بکاتە شتێکی مومکین. ئەم مافە ( هەمان گوتاری کۆمەڵایەتی گشتگیر بۆ گۆڕانکاری)، ئەگەر شکڵبگرێت، دەمێنێتەوە ڕێگا و میتۆدی گۆڕانکاری. ( دەتوانن ئەو ڕێگا و میتۆدە هەر لەو ژمارەیەی پێشڕەودا ببینن) بەڵام ئەوە چۆن دەکرێت؟ هەنگاوی یەکەم بریتییە لە کەڵک وەرگرتن لە هەموو تواناییەکانی کۆمەڵگا بە شێوەی جۆراوجۆر و بەردەوامی و لەیەک هەڵپێکرانی. ئاشکرایە ئەگەر ئەو توانایییە نەکەوێتەگەڕ، شۆڕشی کۆمەڵایەتی ناتوانێت بەردوام بێت. بەڵام بۆچی خستنەگەڕی توانایییە کۆمەڵایەتییەکان کارێکی دژوار دێتە بەرچاو؟

**درێژە لە لاپەڕەی ١٠**

**پێشڕەو**

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

ئێدیتۆر:

ئیبراهیم علیزادە

**نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان**

:Add

Sulaymaniyeh - Rizgari st

Tel: 00964-7701567854

**نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:**

Tel: 0046-738041917

**تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە**

Yahsat 1A 52.5E

Ferq: 12149

SymbolRate: 27500

Fec : Auto

www.tvkomala.com

**ڕادیۆکان**

بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست پاش بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

# وتەیەک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی خەبات لەدژی هەژاری و برسێتی

١٦ی ئۆکتۆبر بەرابەر لەگەڵ ٢٤ی ڕەزبەر ڕۆژی جیهانی خەبات لەدژی برسێتییە. زیاتر لە نیو سەدە بەسەر ناوزەدکرانی ئەم ڕۆژەدا تێپەڕ دەبێت. هەموو ساڵێک لە سەروبەندی ئەم ڕۆژەدا کۆمەڵێک ئاماری هەژێنەر بڵاودەکرێتەوە. هەموو ئەوانەی کە سەبەبکاری ئەم دۆخە دژوار و پڕلە مەینەتییەن، پلان و بەرنامەی درێژخایەن بۆ نەهێشتن و بنبڕکردنی ئەم کارەساتە گەورەیە دەخەنەڕوو. کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٨دا دەرکەوت کە زیاتر لە ٨٣٢ ملیۆن کەس لە جیهاندا خۆراکی پێویستیان نییە، گەلێک کۆڕ و کۆبوونەوە ئەنجامدرا و بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوانە بەڵێنیان دا کە ئەم ڕێژەیە تا ساڵی ٢٠١٥ بۆ نیوە کەم بکەنەوە و ساڵی ٢٠٣٠ بە تەواوی بنەبڕی بکەن. بەڵام کاتێک ساڵی ٢٠١٦ ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە ٨١٥ ملیۆن کەس هێشتا خۆراکی پێویستیان نییە، بێئەنجامبوونی ئەم بەڵێنانە بەتەواوی دەرکەوت ئامارەکان ئەوەندە ئاشکرا و ناخ هەژێنن کە بە ئاسانی ناتوانرێت هەڵوێستەی لەسەر نەکرێت. پێشبینی دەکرێت کە ئەگەر ڕێگەچارەیەک بۆ ڕێگریکردن لە لەناوچوونی ژینگە نەدۆزرێتەوە، تا ساڵی ٢٠٣٠ پێنج بۆ سیی لەسەدی بەرهەمی کشتوکاڵی کەم دەبێتەوە و بەهۆیەوە نزیکەی سەد ملیۆن کەسی دیکە دەکەونە ژێر باری هەژارییەوە. ئامارەکانی ئێستا دەریدەخەن کە لە هەر ٩ کەس لە جیهاندا کەسێکیان هەموو شەوێک بە برسێتی دەخەوێت. ڕێژەی مردن بەهۆی برسێتی گەلێک زیاترە لە کۆی مردنەکان بەهۆی نەخۆشیەکانی وەک کرۆنا و ئایدز و مالاریا و سیل بەشێوەیەکی گشتییە. زیاتر لە ١٦٠ ملیۆن منداڵی خوار تەمەنی پێنج ساڵ لە جیهاندا بەهۆی بەدخۆراکی یان کەم خۆراکییەوە بە جەستە لە تەمەنی ڕاستەقینەی خۆیان بچووکترن. نیوەی ئەو ڕێژەیە لە ئاسیا دەژین و یەک لەسەر سێیان لە ئەفریقا. نیوەی ئەو شەش ملیۆن منداڵەی کە لە ساڵێکدا گیان لەدەست دەدەن، بەهۆی کەمی خۆراکی پێویستەوەیە. بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی ناحکومی ئاکسفام، سەروەتی ٨ کەس لە دەوڵەمەندترین کەسانی جیهان زیاترە لە سەروەتی ٥٠٪ی خەڵکی جیهان. بەگوێرەی ناوەندی «بەرنامەی جیهانی خۆراک»، ڕۆژانە تەنیا ٢ سێنت لەو سامانە بەسە بۆ ئەوەی ژەمێک خۆراک و ویتامینە پێویستەکان بۆ ئەو خوێندکارانە دابین بکرێت کە بەدەست بەدخۆراکییەوە دەناڵێنن



بە پێی ئامارە فەرمی و دەستکاریکراوەکانی ناوەندی ئاماری ئێران، لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا لانیکەم یەک لەسەر سێی توانایی کڕینی کۆمەڵگا کەم بووەتەوە. ژمارەی کەسانی ژێر هێڵی هەژاری لە ساڵی ١٣٩٠، ٢٠٪ بووە و ساڵی ١٤٠٠ گەیشتووەتە ٣١٪، واتە یەک لەسەر سێی دانیشتوانی وڵات لە ژێر هێڵی هەژاریدا بوون. وە ئێستا لە ساڵی ١٤٠٢دا زیاتر لە ٧٠٪ خەڵکی ئێران ٤ بۆ ٥ بەرابەر لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. ئەم دۆخە بۆتەهۆی تێکچووینی نۆرمی کۆمەڵگا و گەلێک زیانی کۆمەڵایەتی وەک لەشفرۆشی، ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، گەڕان بەناو زبڵدان و خەوتن لەناو کارتۆن، منداڵانی کار و خۆکوشتن و هیتری، لێکەوتۆتەوە. ئەو هەژاری و چەوساندنەوە لەڕادەبەدەری کە بەسەر بنەماڵە دەستکورت و کرێکارییەکاندا دەسەپێندرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەندامانی ئەو بنەماڵانە بەردەوام لەژێر گوشاری دەروونیدا بن. ئەوان بە منداڵ و گەورەوە کاردەکەن، بەڵام بەو حاڵەشەوە بە ئەستەم دەتوانن ژیانێکی مەمرە و مەژی بۆخۆیان دابین بکەن. بوونی کاتێکی بەتاڵ بۆ ئەوان بووەتە شتێکی مەحاڵ و بیرکردنەوە لە ڕێگەچارەیەک بەمەبەستی گۆڕینی چارەنووسی خۆیان لەگەڵ کەلێک ئاستەنگ بەرەوڕوویان دەکاتەوە. سەقامگیری خۆیان و بنەماڵەکانیان بەردەوام لە مەترسیدایە. لەمڕووەوە تێکەڵاوبوون لەگەڵ کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و خەبات لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی ئینسانی و دێموکراتیک و هەروەها بەدەستهێنانی وشیاری سیاسی و چینایەتی و ڕێکخراوبوون شانبەشانی هاوچینەکانیان، بۆ ئەوان گەلێک دژوار دەبێت. ئەوان کاتێک لەسەر ئەم گۆی زەوییە هیچ ڕێگایەک بۆ دەربازبوون شک نەبن، زەمینەی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێت کە ڕوو لە خوڕافات و بیر و باوەڕی ئایینی بکەن و لە قیامەت بەدوای عەداڵەتدا بگەڕێن. ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە خاوەن سەرمایە و دەوڵەتەکانیان و لە ئێرانیش کۆماری ئیسلامی، دەیانەوێت. واقیعییەت ئەوەیە کە ڕێگاچارەی سەرمایەدارانە بۆ کۆتایی هێنان بەم کارەساتە گەورە مرۆییە، جگە لە جێگیرکردنی هەرچی زیاتری ئەم دۆخە، هیچی تر نابێت. تەنیا ڕێگەچارەی کۆتایی هێنان بەم باردۆخە، بریتییە لە خەبات و تێکۆشان لەپێناو ڕووخاندنی ئەو نیزامەی کە هۆکاری سەرەکی دیاردەی هەژاری و برسێتییە. خەبات بۆ لەگۆڕنانی کۆماری ئیسلامی، خەباتە لەپێناو ڕزگارکردنی حەفتا لەسەدی دانیشتوانی کۆمەڵگا لە چنگ هەژاری و بێکاری، بێبەشی و بێ ماڵ و حاڵی، گرانی و دەیان کێشە و گرفتی گەورە و بچووکی کۆمەڵایەتی دیکە

***

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەوکوێ؟

**ن. بێهرووز ناسری**



هێرشی ڕۆژی شەممە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ لەلایەن ڕێکخراوی ئیسلامی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل دەستپێکەری ئاڵوگۆرگەلێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر لەمێژە کە ئاڵۆزە و شەڕ وماڵوێرانی بووەتە بەشێک لە ژیانی مەینەتباری خەڵکی ئەو ناوچەیە. بە پێی ململانێ جیهانییەکانی نێوان زلهێزەکان و ئەو جەمسەرگیری و کێبڕکێیانەی کە لە نێوان جەمسەری سەرمایەدا لەئارادایە، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، هەر کام بە شێوەیەک جێگا و شوێنی خۆیان دیاریکردووە. کۆماری ئیسلامی ئێران و هێزە ئیسلامییەکانی سەر بەو ڕژیمە لە بەرەی ڕوسیە و چین، دەوڵەتی ئیسرائیل لە بەرەی ئامریکا و یەکێتی ئەورووپا و دەوڵەتەکانی عەرەبستانی سعودی و تورکیەش هەرچەند هاوپەمانانی ئامریکا و ڕۆژاوان، بەڵام بە پێی قازانج و بەرژەوەندییان لەو نێوە دا مانۆڕ دەدەن. شەڕی ڕوسیە و ئۆکراین جەمسەربەندی بەینی دەوڵەتەکانی ڕوونتر کردەوە. کۆماری ئیسلامی بە فرۆشتنی درۆن یا فرۆکەی بێرۆکەوان بە ڕوسیە و دیفاع و پشتیوانی لە ڕوسیە و بەستنی قەراردادەکانی هاوکاری نیزامی و ئەمنییەتی شوێن و جێگای خۆی زۆر لەوەپێش دیاریکردبوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کانگای گەلێک پرسی کۆنی چارەسەر نەکراو، ناکۆکی و کێبڕکێ لە نێوان دەوڵەتەکانی ئێران، تورکیە، عەرەبستانی سعودی، ئیسرائیل، میسر و باقی وڵاتانی شێخ نشینی دەوروبەری کەنداوە. سەرەڕای بوونی فەقر و بێ مافی و سەرکوتی وەحشیانەی دەوڵەتەکانی ناوچەکە لە دژی خەڵکی ئەو وڵاتانە، دوو بابەتی مێژوویی چارەسەر نەکراو لەو ناوچەیە ماوەتەوە کە بریتییە لە مەسئەلەی کورد و مەسئەلەی فەلیستین، کە ڕواڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵۆزتر و پڕ کێشەتر دەکات و تا مەسئەلەی کورد و فەلیستین چارەسەر نەبێت و تا داگیرکاریەکانی دەوڵەتە داگیرکارەکان کۆتایی پێنەیەت و خەڵکی زەحمەتکێشی کورد و فەلیستین بە مافی خۆیان نەگەن، ئاڵۆزی ناوچەکە و سوء ئیستفادەی گروپە توندڕەوەکان و دەوڵەتە داگیرکەرەکان هەروا درێژەی دەبێت. دەوڵەتە سەرکوتگەرەکانی ئێران، تورکیە، سوریە و عێراق سەرەڕای هەر چەشنە هاوکاری یا کێبڕکێیەک کە لە گەڵ یەک بیانبێت، بەڵام بە نیسبەتی مەسئلەی کورد، هاودەنگ و یەکگرتوون. هەموو ئەو دەوڵەتە سەرکوتگەرانە لە دژی بزوتنەوەی حەقخوازانە و ئازادیخوازانەی کوردستان لە هیچ جینایەتێک درێغ ناکەن. ئێستا کە شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیل لە ئارادایە، دەوڵەتی فاشیستی ئۆردوغان هێرشی نیزامی کردۆتە سەر خەڵکی کورد و ی.پ.گ لە کوردستانی ڕۆژئاوا. پێشتریش ئێمە و خەڵکی ناوچەکە شاهیدی ئەوە بووین کە چۆن کۆماری ئیسلامی ئێران هێرشی کردەسەر ئەحزابی سیاسی کوردستانی ئێران نیشتەجێی کوردستانی باشوور و چۆن فشاری دێنا بۆسەر حوکومەتی عێراق و سیاسەتە پاوانخوازەکانی خۆی بەسەر دەوڵەتی عێراقدا دیکتە دەکرد ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو شەڕەی کە لە غەزە لە ٧ی ئۆکتۆبری ئەمساڵەوە دەستی پێکردووە، ئەو پرسیارە دێتەئاراوە کە سەرئەنجامی ئەو شەڕە چی دەبێت؟ و وەزعییەتی ئێستا چ خوێندەوەیەکمان پێدەدات؟ بێشک بە هۆی زۆربوونی ڕووداوەکان پێشبینی دەقیقی وەزعییەت، کارێکی دژوارە، بەڵام دەکرێت خوێندنەوەمان لەوەی کە ڕوودەدات ببێت و هەر بەو پێیەش قسەیەک لە سەر داهاتوو بکەین. شەڕی ئەمجارەی ئیسرائیل و حەماس لە شەڕەکانی پێشوو جیاوازترە. ئەوەی چۆن بوو ئیسرائیل غافلگیرکرا، قسەی لەسەرە و دوروست بوون و نەبوونی ئەو بۆچوونە لە داهاتوودا دەردەکەوێت. بەڵام ئەوەی کە مەعلوومە ئەوەیە کە حەماس لەمێژ بوو کە بۆ ئەو شەڕە بەرنامەڕێژی کردووە کە توانی نفووز بکاتە ناو خاکی ئیسرائیل و هەر لەسەرەتاوە سەدان کەس بکوژێت و دەیان کەسیش بە دیل بگرێت. لە ئاستی جیهانیدا سەفبەندیەکان تا ڕادەیەکی زۆر ڕوون بوونەوە. کۆماری ئیسلامی ئێران و هێزەکانی سەر بەو ڕژیمە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کوریای باشوور و چەند وڵاتی دیکە لانگرییان لە هێرشی حەماس ڕاگەیاندووە. لە لایەکی تریشەوە وڵاتە زلهێزەکانی وەک ئامریکا، ئینگلیس، ئاڵمان و فەڕانسەش پشتیوانی تەواوی خۆیان بۆ ئیسرائیل دەربڕیوە جیهان نیگەرانە کە ئەو شەڕە درێژەی پێبدرێت و وڵاتانی دیکەش، بەتایبەت کۆماری ئیسلامی ئێران و حیزبوڵای لوبنان بۆ دیفاع لە حەماس بێنە ناو ئەو شەڕەوە و ئەوکاتیش ئامریکا و زلهێزەکانی دیکەی پشتیوانی ئیسرائیل دەخالەت بکەن و ئەو دەم شەڕەکە گەورەتر ببێتەوە. لێرەدا دوو مەترسی گەورە هەڕەشە لە جیهان دەکات: یەکەم ئەوە کە بە گەورە بوونەوەی شەڕ و دەخالەتی دەوڵەتەکانی دیکە، ئیمکانی دەستپێکردنی شەڕی جیهانی سێەم بە ئەگەرێکی مەترسیدار تەبدیل دەبێت. دووهەم ئەوەی کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران و هێزەکانی لە ناوچەکە ئابلۆقەی شەڕ گەورەتر بکەنەوە و ببنە هەڕەشەی جیدی بۆ سەر ئیسرائیل، ئیسرائیل بەناوی دیفاع لە خۆی، چەکی ئەتۆمی بەکار بهێنێت. لە هەر دوو حاڵەتدا جیهان لەگەڵ موسیبەت و وێرانییەکی یەکجار گەورە ڕوبەڕوو دەبێتەوە. هەم کۆماری ئیسلامی ئێران و هەم زلهێزەکان ئاگاداری ئەو خاڵانەی کە باس کران هەن، هەر بۆیە فیعلەن تەمایولێکیان بە بەشداری بەکردەوە لەو شەڕە نیشان نەداوە و دیفاعەکان لە دوولایەنی شەڕ، لە ئاستی دیفاعی سیاسی و تەبلیغاتی و یارمەتی چەک و چۆڵدا مەحدود ماوەتەوە. بەڵام ئەگەر لایەنەکانی شەڕ، واتە ئیسرائیل و حەماس نەچنە سەر مێزی گفتوگۆ و شەڕ ڕانەگرن، ئەو تەبلیغاتی سیاسی و ڕەوانیەش هەر وەک ئێستا نامێنێت و ئەویش ئاڵوگۆڕی تێدا پێکدێت. بەڵام دوو خاڵی زۆر مەترسیدار لەو نێوەدا ئەوەیە کە ئەوەڵەن هەم حەماس و کۆماری ئیسلامی لەسەر فەوتاندنی ئیسرائیل سوورن و هەم ئیسرائیلیش ئیعلامی کردووە کە تا فەوتاندنی حەماس شەڕ درێژە پێدەدات، تەنانەت ئەگەر بە وێرانکردنی تەواوی شاری غەزەش تەواو بوبێت. خاڵی دووهەمی زۆر مەترسیدار ئەوەیە کە هەم ئیسرائیل و هەم حەماس کەمترین بایەخ بۆ گیانی خەڵکی فەلیستین و ئیسرائیل دانانێن. هەم ئیسرائیل و هەم حەماس بۆیان گرنگ نییە کە چەند هەزار نەفەر دەکوژرێت، چەند سەد هەزاری دیکە ئاوارە دەبن و یا تەنانەت چەند شار بە تەواوی وێران دەبێت.»گەیشتن بە هەدەف بە هەرشێوەیەک»، ئەوەیە کە لایەنەکانی شەڕ پەیڕەوی لێدەکەن. بەواتەیەکی دیکە ئەو شەڕە، شەڕی نێوان لایەنە توندڕەوەکانی ئیسلامی و ئیسرائیلییە کە ئەو بەدبەختی و ماڵوێرانییەی بەدوای خۆیدا هێناوە کە فێعلەن سەرەنجامەکەی نادیارە کێ لەو شەڕەدا سەرکەوتوو دەبێت؟ بە بڕوای من دۆڕاوی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە؛ سەرەڕای گیانبەخت کردنی هەزاران ئینسانی بێدیفاع لە هەر دوولا ؛ حەماس و کۆماری ئیسلامییە. ڕێکخراوی ئیسلامی حەماس لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پڕچەک کرا و حیمایەتی ماڵی زەبەلاحی مانگانە، حەماسی بەو جێگایەی ئێستا گەیاندووە. خامەنەیی و باقی دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو ٤٤ ساڵەی دووای شۆڕشی ١٣٥٧، هەمیشە شوعاری فەوتاندن و لەناوبردنی ئیسرائیلیان داوە و جاروبار تاریخی فەوتانەکەشیان دیاری کردووە. ئێستا کە بەواتایەک شەڕی مانونەمان دەستی پێکردووە، خامەنەیی لە دەخالەتی ئەوان لەو شەڕەدا پاشەکشەی کردووە و وتوویەتی کە ئەوان دەخالەتێکیان لەو شەڕەدا نەبووە بەڵام دەستی پلان داڕێژەرانی ئەو شەڕە ماچ دەکەن و هاوکاتیش لە دیفاع لە حەماس هێز کۆدەکەنەوە و.... شەڕ سازکردن و مەسئولییەتی شەڕ بە ئەستۆ نەگرتن، خیسلەتی هەمیشەیی خامەنەیی و تەواوی دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بووو. ئێستا کە کۆمەڵگاه بەم قۆناغە لە شەڕی ماڵوێرانکەر گەیشتووە، زلهێزەکان ئیجازە نادەن کە ئیسرائیل دۆڕاوی ئەو شەڕە بێت. هەر بۆیەش ئامریکا و ئینگلیس ناوگانی شەڕیان بۆ نیزیک ئاوەکانی غەزە هێناوە کە ئەگەر حیزبوڵا و کۆماری ئیسلامی ئابلۆقەی شەڕ گەورەتر بکەنەوە، ئەوانیش لە دیفاع لە ئیسرائیل دەخالەت بکەن. کۆماری ئیسلامی و هێزە ناوچەییەکانی لە باری نیزامییەوە توانایی سەرکەوتن بەسەر ئامریکا و ئیگلیس و فەڕانسە و ئاڵمانیان نییە. کۆماری ئیسلامی و حەماس شایەد بتوانن هێزی ئینسانی بەسیج بکەن، بەڵام ناتوانن بەرامبەر بە تەکنۆلۆژی نیزامی ئەو زلهێزانە بە سەرکەوتن بگەن

ڕێگاچارە چییە؟

هەر وەک لەسەرەتاوە باسکرا، چارەسەر نەبوونی مەسئەلەی کورد و فەلەستین لە لایەک و بوونی دەوڵەتە سەرکوتگەرەکان لە لایەکی ترەوە، وەزعییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەو ئاستەی ئێستای گەیاندووە.بۆ ئەوە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووی ئاشتی و ئارامش بەخۆیەوە ببینێت، پێویستە کە: ستەمی نەتەوایەتی کورد نەمێنێت و خەڵکی کورد بە مافی ڕەوای خۆی یانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بگات و خەڵکی فەلیستین مافی خۆیانە کە وڵات و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ببێت. یانی هەمان ڕێگاچارەیەک کە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە بریتییە لە وجوودی دوو دەوڵەتی ئیسرائیلی و فەلەستینی وەک دوو وڵاتی هاوسێ، گونجاوترین و واقیعبینانەترین ڕێگاچارەیە هەر ئەو دوو ڕێگاچارە سادەیە لەگەڵ ئاستەنگێکی زۆر بەرەوڕوویە. کرێکاران و زەحمەتکێشان و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر لە جاران پێویستییان بە وشیاری و یەکگرتووی و هاوپشتی لەگەڵ یەکتر هەیە. حەقیقەت ئەوەیە کە هەم کۆماری ئیسلامی و هەم حەماس و هێزە جۆراجۆرەکانیان نە تەنیا بەرژەوەندی خەڵکی فەلەستین ناپارێزن، بەڵکو لە دژی بەرژەوەندی خەڵکی فەلەستینن. ئەگەر ئەوان چکۆڵەترین پارێزەری مافی خەڵکی فەلەستین بوبایەن، دەبووا پشتیوانییان لە ڕێگاچارەی ڕێکخراە نێونەتەوەییەکان کردبایە. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوان دەوڵەتی ئیسرائیلن. دەوڵەتی ئیسرائیل هەر ماهییەتێکی ڕەگەزپەرستانەشی ببێت، شوعاری فەوتانی ئیسرائیل غەڵەتە. شەڕێک کە حەماس دەستپێشخەری بوو، ڕێگاچارەی بوونی دوو دەوڵەتی فەلەستینی و ئیسرائیلی بەتەواوی لاواز کرد و ئەو ڕێگاچارەیەی لەگەڵ ئاستەنگهایەکی زیاتر ڕوبەڕوو کردووە. بۆ ئەوە کە نەتەوەی کورد بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بگات، پێویستە کە خەباتێکی بەربڵاو لە ناو ئێران و دەرەوەی ئێران دژی هەم کۆماری ئیسلامی و هەم هێزە سەرکوتگەر و کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە تەقوییەت ببێت. ئێران و هەمو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەواوی دونیا بە بێ کۆماری ئیسلامی ئێران و هێزە کۆنەپەرستەکانی و بە بێ دەوڵەتە سەرکوتگەرەکانی تورکیە، عێراق، سوریە و ئیسرائیل جێگایەکی خۆش دەبێت بۆ ژیان. داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەترسیدارە و ئەوە تەنیا بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ئازادخوازانە و مافخوازانەی نەتەوەکان و کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشە کە دەتوانی ئاسۆی ڕوونی داهاتوو گەشەدارتر بکات. بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی و مافە ڕەوا و دێمۆکراتیکەکان، خەڵکی کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانی زیاتر لە پێشتر پێویستییان بە هاوکاری و یەکگرتوویی هەیە

***

# ئاڵەنگارییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لەم بزووتنەوەی ئێستادا

ئەگەرچی کرێکاران قوربانیانی سەرەکی دەسەڵاتی ئیسلامیی سەرمایە بوون و هەن، بەڵام هێشتا کرێکاران وەک چینێکی یەکگرتوو، لەبەرامبەر سەرمایە و حکومەتە پشتیوانەکەیدا خۆیان ڕێک نەخستووە. لەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیەی ئەم دواییەدا، کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لە ئاستێکی بەربڵاودا لە ڕیزی ناڕازیەتییەکانی دژ بە بارودۆخی هەبوودا بەشدار بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حزووری ئەوان وەک چینێک کە بتوانێت ڕێبەری بزوتنەوەکە بەدەستەوە بگرێت، نادیار بوو. کێشەکە لەچیدایە؟ ئاشکرایە کە گرفتی یەکەم بریتییە لەو سەرکوت و ئاستەنگانەی کە حکومەت بە شێوازی جۆراوجۆر لەبەردەم بزووتنەوەی کرێکاریدا درووستی کردووە. هەر لە دەرکردن و دەستگیرکردنی هەڵسووڕاوانی سنفی و ڕێکخراوە کرێکارییەکانەوە بگرە تا دروستکردنی بەربەستی «یاسایی» لە بەردەم پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان، ڕێگری «یاسایی» و نایاسایی لە بەرێوەچوونی کۆڕ و کۆبوونەوە کرێکارییەکان، پیلانگێڕی و پەروەندەسازی، لێدان و ئەزیەت و ئازاری هەڵسووڕاوان و ڕێبەرانی کرێکاری، دروستکردنی ڕێکخراوی هاوتەریب و وابەستە بە حکومەت و هیتر... ئەڵبەت ئەم کردەوە سەرکوتگەرانەی حکومەت تەنیا بزووتنەوەی کرێکاری و سنفی لەخۆ ناگرێت. بەڵکوو بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش لەگەڵ ئاڵەنگارییەکی هاوشێوە بەرەڕوو بوونەتەوە. ئەگەرچی لەپێوەند لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریدا، کردەوەکانی حکومەت دەتوانێ ڕێکخراوتر و کاریگەرتر بێت. کێشەیەکی دیکەی بزووتنەوەی کرێکاری دەبێ لە بارودۆخی ئابووری وڵات و نەبوونی پشتیوانی دارایی لە بزووتنەوەی کرێکاریدا بەدی بکرێت. بەهۆی لەسەرەوەبوونی نرخی بێکاریی و لەخوارەوەبوونی ئاستی حەقدەستەکان و هەڵاوسانی لەڕادەبەدەر کە هەر سێکیان ماوەی دەیان ساڵە بەردەوامن، زۆربەی هەرەزۆری کرێکاران توانایی دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان نییە و هیچ پاشەکەوتێکی ئەوتۆشیان نییە بۆ ئەوەی بتوانن لە ئەگەری لەدەستدانی کارەکانیان، ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان بەڕێوە ببەن. لە لایەکی ترەوە بە هۆی نەبوونی یەکێتی و سندیکای سەرتاسەری بەهێز، هیچ ڕێکخراوێکی کاریگەر بوونی نییە کە بتوانێت پاڵپشتی دارایی بۆ ئەو کرێکارانەی کە ماندەگرن دابین بکات. بەم شێوەیە بزووتنەوەی کرێکاری ناتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر لە کاریگەرترین ئامرازەکانی خەباتی خۆی واتە مانگرتنی کرێکاریی، بەمەبەستی وەستاندنی پرۆسەی بەرهەمهێنان و ئیفلیجکردنی دەسەڵات کەڵک وەربگرێت. چالاککردنی بزووتنەوەی کرێکاریی و گرێدانی بە خەباتی سیاسییەوە، زیاتر لە هەموو شتێک پێویستی بە چارەسەرکردنی ئەم گرفتە هەیە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا پرسیارگەلێکی گرنگ دەوروژێنێت کە پێویستە وەڵامی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە. بۆ نموونە سەرچاوە داراییەکان بۆ پاڵپشتیکردنی بزووتنەوەی کرێکاریی کامانەن؟ ئەگەر بەدەستهێنانی ئەو سەرچاوە داراییانە پێویستی بە پاڵپشتی خاوەن سەرمایە گەورەکان هەبێت، ئاکامە سیاسییەکەی بۆ بزووتنەوەکە چییە؟ بزووتنەوەی سیاسی دەبوو چۆن سیاسەت دابڕێژێت بۆ ئەوەی ئەمە ڕووبدات؟ ئەگەر ئەنجامدانی ئەم کارە پێویستی بە کۆکردنەوەی سەرمایە بچووکەکانی وڵات هەیە، ئایا ڕێکخراوە سیاسییە بچووک و پرشوبڵاوەکان توانایی کۆکردنەوەی ئەو سەرمایانەیان هەیە؟ ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات دەتوانێت چی بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە سەرەکییە؟ چ هۆکارێک ڕێگری دەکات لە بەشداری چالاکانەی ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوەی وڵات لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا؟ چۆن دەتوانن سوود لە پاڵپشتی جیهانی و بە تایبەت پاڵپشتی ڕێکخراوە کرێکاریی و سنفییە جیهانییەکان وەربگرن، بۆ ئەوەی ئاکامی نەخوازراوی بەدواوە نەبێت؟

بەدەر لەم ئاڵەنگاریانە، ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا لە هێزی کاری ئێراندا ڕوویانداوە، بزووتنەوەی کرێکاری لەگەڵ کۆمەڵێک ئاستەنگی نوێ بەرەڕوو کردووەتەوە کە کاری ڕێکخستن و گەشەسەندنی بزووتنەوەی کرێکاری و بوونی بە بزووتنەوەیەکی سیاسی دژوارتر کردووە. لەم چوارچێوەیەدا دەتوانرێت ئاماژە بە سێ گۆڕانکاری گەورە بکرێت

١- گەشەی زۆر خێرا و شێرپەنجە ئاسای بەشی نافەرمی ئابووری وڵات لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا. بەهۆی لەسەرەوەبوونی ڕێژەی بێکاری، هەزینەی قورسی دابینکردنی ژیان و نەبوونی سیستەمی بیمەی بێکاری، بەشێکی زۆری هێزی کاری وڵات لە کەرتی نافەرمی ئابووریدا خۆی دەبینێتەوە. ئەم هێزە لە بەشە جیاوازەکانی ئابووریدا زۆر پرشوبڵاوە، بۆ بەدەستهێنانی داهات هەر کارێکی کە لەبەردەستدا بێت ئەنجامی دەدات و تووشی ڕۆتینێکی زۆر جیددی بووە، بەجۆرێک کە جۆر و شوێن و بارودۆخی کارەکە ڕۆژانە دەتوانێت بگۆڕێت. ئەم پارچەپارچەبوون و ناسەقامگیرییە بەرچاوە، هێزی کاری ئەم بەشە لەبەریەک هەڵدەپچڕێ و پێکهێنانی هاوپشتی و شوناسی هاوبەش و کاری ڕێکخستن زۆر قورس دەکات. بۆ ئەم بەشە لە هێزی کار، بە کردەو خەباتی سنفی مومکین نییە. لەباشترین حاڵەتدا ئەم هێزە دەتوانێت بە خەبات و داخوازییە « سیاسی-بژێوییەکان»ی وەک ناڕەزایەتییەکانی سەرشەقام لەدژی گرانی و گەندەڵی و نادادپەروەرییەکانەوە پەیوەست بێت. بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەم ناڕەزایەتیانە خۆڕسک و هەڵچوو و کورت ماوە و نایەکگرتوون. مەگەر ئەوەی ڕێبەریی و هێما سیاسییەکانی بزووتنەوەکە بتوانن هاودەنگی لەم گرووپەدا درووست بکەن، بە شێوەیەکی کە گەیشتن بە هیوا و داخوازییەکانیان لە سەرکەوتنی بزووتنەوەکەدا ببیننەوە

٢- بابەتێکی تر بریتییە لە گەشەی زۆر بەرچاوی کەرتی خزمەتگوزاریی، کە دیاردەیەکی جیهانییە. بەهۆی ئەوپەڕی پرشوبڵاوی و فرەچەشنییەوە، لەم بەشەشدا پێکهێنانی هاودەنگی و درووستکردنی شوناس و کاری ڕێکخستنی سەرتاسەری زۆر ئەستەمە. لەم بەشەدا پێویست بوو تەرکیز بکرێتەسەر ڕێکخستنی کاری هاوبەش لەو بوارانەدا کە ئیمکان و زەرفییەتی ڕێکخستنیان هەیە و کردەوەی هاوبەشی ئەوان دەتوانێت کاریگەر بێت، وەک مانگرتنی کرێکارانی بەشی زبڵ کۆکردنەوە، مانگرتن لە بەشەکانی گواستنەوە و پەروەردە و تەندروستی و هیتر... لەو بەشانەی تردا کە جەماوەرێکی زۆر لەخۆدەگرێت، ڕێکخستنی خەباتی سنفی کارێکی دژوارە و هاوشێوەی کەرتی نافەرمی، بوارێکی زیاتر هەیە بۆ بەشداریکردن لە خەبات و داخوازییە « سیاسی-بژێوییەکان»دا. لەم حاڵەتانەدا، وەک کەرتی نافەرمی ئابووری، ڕێبەری سیاسی بزووتنەوەکە دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە دروستکردنی هاودەنگی و هێنانە مەیدانی هێزی کاری ئەو بەشانە

٣- ئەو کۆمەڵە پێشهاتانەی کە بوونەتە هۆی پارچەپارچەبوونی یەکە پیشەسازییە گەورەکان و بچووکبوونەوەیان. لەم پرۆسەیەدا چەندین هۆکار کاریگەرییان هەبووە، هەر لە گۆڕانکارییە تکنۆلۆژییەکانەوە بگرە تا گۆڕانکاری لە پێکهاتەی ئابووری وڵات و سیاسەتی بە تایبەتیکردنی پیشەسازی. ئەو کۆمەڵە کێشە و گرفتانەی سەرەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی کرێکاری نەک هەر نەتوانێت بە خێراییەکی چاوەڕوانکراو ببێت بە بزووتنەوەیەکی سیاسی و بزووتنەوەیەکی « سەربەخۆی چینایەتی»، بەڵکوو تەنانەت لە بەیانکردن و بەدواداچوونی داواکارییە سنفییەکانی خۆشیدا تووشی گەلێک گرفتی جیددی ببێت. بزووتنەوەی کرێکاری کاتێک دەتوانێت ببێتە بزووتنەوەیەکی سیاسی و پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لەگەڵدا هەبێت، کە لانیکەم بتوانێت ئەرکە سەرەتاییەکانی خۆی بە شێوەیەکی کاریگەر و کارا ئەنجام بدات. لە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا چەندین ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری و هەروەها ناڕەزایەتی ئابووری و سنفی بەڕێوەچوو، بەڵام بەربڵاو نەبوون، بە بزووتنەوەکەوە پەیوەست نەبوون و هەروا بە پرشوبڵاوی و ناڕێکخراوی مانەوە. تاکە حاڵەتی بەرچاو مانگرتن و ناڕەزایەتی مامۆستایان بوو کە تا ڕادەیەک ڕێکخراو و لەگەڵ بزووتنەوەکەدا هەماهەنگ بوو، دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان خەباتی ئابووری و سیاسی پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو ئاڵەنگاریانە و پتەوکردن و بەهێزکردنی بزووتنەوەی کرێکاری هەیە. ئەڵبەتە لەو ماوەیەدا شاهیدی سەرهەڵدان و هەوڵی کرێکاران بەمەبەستی پەیوەندیکردن لەگەڵ بزووتنەوەکە و کاریگەری دانان لەسەر ئەو بزووتنەوەیە بووین. بڵاوکردنەوەی مەنشووری داواکارییە لانیکەمە سنفی و مەدەنییەکانی ئێران نموونەیەک بوون لەو هەوڵانە.

مەنشوورێکی کە تیایدا کرێکاران و گرووپە جۆراوجۆرە سنفییەکان ڕایانگەیاند کە خۆیان بە بەشێک لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە دەزانن، سەبارەت بەوەی کە خوازیاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە حکوومەتدان هەڵوێستیان گرت و هەوڵیان دا لەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەدا دەخالەت بکەن. لەو مەنشوورەدا بە شێوەیەک ڕایانگەیاند کە دەیانەوێت کۆتایی بهێنن بە هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی دەسەڵات و بڕیارێکی سیاسی لە سەرەوە. ئەوان دەیانەوێت کرێکاران، ژنان، مامۆستایان، خوێندکاران و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لەخوارەوە ببنە بەدیلێک بۆ دوای کۆماری ئیسلامی. ئەوە تەنیا دەرکردنی مەنشورێک نەبوو، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کەشوهەوای سیاسی کۆمەڵگا دانا و زێهنییەت و ئەندێشەی بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکاری سەبارەت بە ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکان بەرەوپێش برد و تاڕادەیەکی زۆر پاشەکشەی کرد بە ئەلتەرناتیڤەکانی بەرەی ڕاست کە دەیانویست لەسەرەوەی کۆمەڵگا بەدیلێکی دیکە بۆ دوای حکوومەتی ئیسلامی بەسەر خەڵکدا بسەپێنن. سەرەڕای ئەوەش دەبێت قبووڵ بکرێت کە ئەم مەنشوورە گوتارێکی سیاسی لە نێو کرێکاران و خەڵکی هەژاردا پێک نەهێنا و تا ئێستاش مەودایەکی زۆرمان ماوە بۆ ئەوەی شاهیدی ڕیزێکی ڕێکخراو و یەکگرتووی چینی کرێکار بین بۆ بەرەوپێشچوون و بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە لە مەنشوورەکەدا دیاریکرابوو. بەڵام کورت کردنەوەی ئەو مەودایە بەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا زەمینەیەکی لەباری بۆ ڕەخساوە یەکەم: ئەمڕۆ لە دوای ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا، ئەو باوەڕە لە نێو کرێکاراندا جێکەوتووە کە بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکانیان و باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان، دەبێت بەربەستی دەسەڵات و چوارچێوەی پەیوەندییە هەنووکەییە حکوومەتییەکان تێپەڕێنن. بەم هۆیەوە، سەرەڕای ئەوەی کە حزووری سەرشەقامی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٤٠١ کەمی کردووە، بەڵام هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، بە تایبەت کرێکاران، بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن درێژە بەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە بدەن. هەر ئێستاش دەبینین کە خانەنشینان هەفتانە بە بەردەوامی لەسەر شەقامەکانن. کرێکارانی بەشە جۆربەجۆرەکان هەرکاتێک دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت، لە پێناو داواکارییەکانیاندا ناڕەزایەتی دەردەبڕن. ئەوان بۆ درێژەدان بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە، بەردەوامبوون لەسەر خەبات و تێکۆشانی خۆیان لەپێناو داخوازییەکانیاندا وەک سەنگەرێک بۆ ئەم مەبەستە چاولێدەکەن

دووەم: لە ماوەی ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، هەڵسووڕاوانی کرێکاری بەردەوام هەوڵیان داوە ڕێکخراوی سەربەخۆ لە نێو کرێکاراندا ڕەواج پێبدەن. ئێستا، لەگەڵ هەر کرێکارێک لە هەر ناوەندێکی کرێکاریدا باسی پرس و کێشەکان بکرێت، دەڵێت کە دەستێک بە تەنیا دەنگی نییە و بە یەکگرتوویی دەتوانین کارێک بکەین. ئەگەر تا ئێستا ڕێگە بە کرێکاران نەدراوە ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆیان دروست بکەن، بەڵام لە ناخی ئەم لاوازییەدا خاڵێکی بەهێز بۆ کرێکاران هاتووەتە ئاراوە. ئەویش ئەوەیە کە کردەی بە کۆمەڵی ڕاستەوخۆی ناڕەزایەتی بۆ کرێکاران وەک حەرەکەتێکی سروشتی و ئاسایی جێکەوتووە. کرێکار لە ئێران ڕێکخراوی خۆی نییە بۆ ئەوەی بچێت لەگەڵ دەوڵەت و خاوەنکار دانوستان و وتووێژ بکات. هەربۆیە لەسەر هەر بابەتێک، لە شوێنی کار یان هەر شوێنێکی تر کە بتوانێت، ڕاستەوخۆ پەنا دەباتەبەر کۆبوونەوە و مانگرتن و ناڕەزایەتی. ئەگەر لە شوێنی کار حکومەت ڕێگەیان پێنەدات، بەڵام لەو ناوەندانەی کە دەتوانن، کارخانەکان ناچار بە داخران دەکەن، یان ئەگەر ئەوەشیان بۆ نەکرا، لەبەردەم مەجلیس کۆدەبنەوە. واتە کرێکار بەو قەناعەتە گەیشتووە کە دانوستان و وتووێژ و شتی لەم چەشنە هیچ سوودێکی نییە و بە هیچ شێوەیەک ئیمکانی نییە. ئەو کردە ڕاستەوخۆ ناڕەزایەتییەی کە شکڵی گرتووە، بۆتەهۆی ئەوەی کە دەخالەت و بەشداری بەکۆمەڵ لەناو کرێکاراندا ببێتە نەریتێکی جیددی. ئەم نەریتە ناڕەزایەتییە دەستەجەمعییە خاڵێکی بەهێزە کە لە خەباتی کرێکاریدا جێگای خۆی کردۆتەوە و بە دڵنیاییەوە دەتوانێت زەمینەیەک بێت بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی گەورەتر لە داهاتوودا

# پەیامی جینایەتکارانی حکوومەتی ڕوونە!

# کوژرانی دارییووش مێهرجوویی وهاوسەرەکەی، بەدەستی مرۆڤکوژانی حکوومەتی

## ڕاگەیاندنی هاوبەشی

## حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەیئەتی ئیجرایی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران(ڕاهی کاریگەر)

شەوی شەممە ٢٢ی ڕەزبەری ١٤٠٢ بەرابەر لەگەڵ ١٤ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣، دارییووش مێهرجویی ووەحیدە محەممەدیفەر هاوسەرەکەی لە ویلاکەی خۆیان لە شاری کەرەج بە شێوەیەکی وەحشیانە کوژران. جینایەتپیشەکانی سەربە ڕێکخراوە ئەمنیەتییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەی یەک کاتژمێر و چل خولەک ئەم دەرهێنەرە بەناوبانگەی شەپۆلی نوێی سینەمای ئێران و هاوسەرەکەیان ئەشکەنجەدا و دەست و قاچیان شکاندن و سەریان بڕین تا بە بەقەولی هۆشەنگ گوڵشیری، پەیامەکەیان بە ڕوونی بگاتە هونەرمەندەکانی تر کە: دەخنکێنین، سەردەبڕین. کوشتنی ئەم دوو هونەرمەندە، ڕێک هاوشێوەی کاتی قەتڵە زنجیرەییەکان کە داریوش فروهەر وپەروانە ئەسکەندەری چەقۆ ئاژن کران، ئەنجامدراوە. ئاژانسی هەواڵی دەنگ وڕەنگی کۆماری ئیسلامیش زۆر زوو هەواڵی سەربڕینەکەی بڵاوکردەوە بۆ ئەوەی پەیامەکە ڕوونتر بگات. دام ودەزگا ئەمنیەتییەکان بەمەبەستی بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی و کەڵک وەرگرتن لە کەش و هەوای ئێستا و شەپۆلی ڕگەزپەرستانەی دژە ئەفغانی، یاداشتێکی ئینستاگرامی ٨ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی وەحیدە محەممەدیفەریان بە بەرواری شەوێک پێش لە تاوانەکە بڵاوکردەوە بۆ ئەوەی ئەم جینایەتە ترسناکە بگەڕێننەوە بۆ ڕووداوێکی دزیکردنی چەند کۆچبەرێکی ئەفغانستانی. ئاشکرایە کەسانێکی کە دەچن بۆ دزینی موڵک ومالی خەڵک، نە نیازی کوشتنیان هەیە و نە دەتوانن بۆ ماوەی یەک سەعات و چل خولەک لەو شوێنە بمێننەوە. لەمڕووەوە سیناریۆیەکی دزێو وچەواشەکارانەی لەو چەشنەش ناتوانێت ئەم تاوانە حکوومەتییە پەردەپۆش بکات

کوشتنی دڕندانەی دارییووش مێهرجوویی وهاوسەرەکەی درێژەی لۆژیکی هەر ئەو سیاسەتە سەرکوتگەرانەیە کە حکوومەتی ئیسلامی لە ساڵێک لەمەوبەرەوە بەرامبەر بەو هونەرمەندە ناسراوانەی کە پاڵپشتییان لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی» کرد؛ کە بریتییە لە قەدەغەی کارکردن، بانگهێشتکردنی بەردەوام، زیندانیکردن و دواتر ئازادکردنیان بە کەفالەتی قورس، هەڕەشەی دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵ، دیاریکردنی جەریمەی قورس لە یاسای حیجابدا و ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی بەرهەمە هونەرییەکان، پەیڕەوی دەکات. بەم شێوازانەی سەرکوتکردن وتەنانەت بە زیندانیکردنی تۆماج ساڵحی، سامان یاسین ومێهدی یەراحیش، سەرکەوتوو نەبووە. هەربۆیە ڕێکخراوە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی ئیسلامی پەنایان بردۆتەبەر دوایین ڕێکارە تاوانکارییەکانیانی خۆیان؛ واتە کوشتنی جینایەتکارانەی بەناوبانگترین هونەرمەند و دەرهێنەری ئێرانی، کە خاوەنی ناو و ناوبانگێکی جیهانییە بەمەبەستی خوڵقاندنی بەرزترین ئاستی ترس و تۆقاندن لە نێو هونەرمەندان و ناودارانی بواری فەرهەنگ و هونەردا. هەروەها کاتی تاوانەکەش زۆر بە وردی دیاریکراوە. ڕێک لە گەرمەی هەواڵەکانی سەبارەت بە کوشتاری خەڵکی مەدەنی لەلایەن حەماس وکۆمەڵکوژی خەڵکی مەدەنی فەلەستینی لە غەززە لەلایەن ئەرتەشی ئیسرائیلەوە وهەروەها لەسەر بەستێنی شەپۆلێکی ڕەگەزپەرستانەی دژە ئەفغانی کە لەلایەن باندە مافیاییەکانی حکوومەت و شوینیستەکانی «ئاریای»یەوە کەوتووەتەڕێ

حکوومەتی ئیسلامی بۆ ئەو مەبەستە دەست دەداتە جینایەتێکی لەوچەشنە تا ڕێگری بکات لە بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵک وکەشێکی نائومێدی و سەرلێشێواوی و بێدەسەڵاتی بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بکات. کوشتنی هونەرمەندانی ناودار وبێهۆشکردنی کچێکی تازەلاوی وەک ئارمیتا گراوند و هیتر...، ڕێک لەپێناو ئەم مەبەستە دایە. ترسی مەرگ حکوومەتی ئیسلامی تووشی داماویی وسەرلێشێوایی کردووە. بە قەولی هانا ئارێنت، فیلسووف ومێژوونووسی ئەڵمانی-ئەمریکایی: «حکوومەتەکان لە دوو قۆناغدا پەنا دەبەنەبەر توندوتیژی لەڕادەبەدەر؛ جارێک لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتن وجارێکیش لە سەروبەندی لەناوچوونیادا. لەمڕووەوە پێویستە کوشتنی کارەساتباری دارییووش مێهرجوویی وهاوسەرەکەی وەک زەنگی ڕووخان و لەناوچوونی دەسەڵاتی ئیسلامی هەژمار بکرێت

ئێمە بە توندی ئەم تاوانە ترسناکە وکوشتنە بە ئانقەست وئاشکرایەی حکوومەت مەحکووم دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەم و پەژارەی بنەماڵەی بەڕێز و سەربەرزی هونەر و سینەمای ئێران دەزانین. بێگومان کە دەبێت ئەو تووڕەیی و ڕق و بێزارییەی سەرچاوەگرتوو لەم جینایەتە و خەمی گەورەی لەدەستدانی هونەرمەندێکی بەناوبانگی بواری سینەما و هونەریی ئێران، ببێت بە هەوێنی شکڵگرتنی ئیرادەیەکی پتەو بۆ ڕێکخستن و یەکگرتووکردنی هەرچی زیاتری جەماوەر بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی خەباتی مەدەنی. خەباتێکی کاریگەر لەدژی سەرەڕۆیی بێبەزەییانەی ئایینی کە تەنیا بە زمانی توندوتیژی و سەرکوتی ڕەها دەدوێت، مومکین نابێت مەگەر بە یەکگرتووکردنی هەرچی زیاتری کۆمەڵانی خەڵک و پێکهێنانی هاوپشتییەکی جەماوەریی بەرین لە مەیدانی خەباتدا. وشیار کردنەوە و پێکهێنانی یەکگرتوویی لەناو بیروڕای گشتی جیهانی و بەتایبەت دنیای پێشکەوتنخوازانەی هونەر و سینەما لە ئاستی جیهاندا، یەکێکە لە ئەرکە بەپەلە و هەنووکەییەکانی هەموو ئەو کەسانەی کە ئامرازی کاریگەرییان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا لەبەردەستدایە. نابێ ڕێگە بدرێت حکوومەتی ئیسلامی خۆی لەژێر باری بەرپرسیارێتی ئەم تاوانە دژە مرۆڤانەیە بدزێتەوە

**هەیئەتی ئیجرایی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کاریگەر)**

**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**بڕووخێت ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**سەرکەوتوو بێت شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران**

**بژی ئازادی و دێموکراسی، بژی سۆسیالیزم**

**یەکشەممە ٢٣ی ڕەزبەری ١٤٠٢ / ١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣**



Workers of all countries, unite!

PESHRAW

No: 436- oct 2023

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# شۆڕش لەپێناو ئاڵوگۆڕدا مومکینە، بەڵام پرسێکی دەستبەجێ و ئاسان نییە!

درێژەی لاپەڕەی ٥ ەوە :

یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم بابەتە بریتییە لە پشتبەستنی زیاتر لەپێویستی ڕێبازی گۆڕانکاری یان شۆڕشەکان بە تایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵات، فۆرمی خۆپێشاندان و شەڕ و تێکهەڵچوونی سەرشەقامە کە لەلایەکەوە دەستی حکومەت بۆ خولقاندنی توندوتیژی و پەرەپێدانی ترس لە شۆڕش و هەزینەی قورسی بەشداریکردن تیایدا و هەروەها هەر ئەو جەماوەرە بەرینە بەزۆر هۆکار و لەوانە بەپێی سروشتی ژیانی خۆیان، لەسەرەتاوە لەوانەیە ئامادەیی پێویستی بۆ بەشداری لە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە و لەوانەشە تەحەمولی دانی ئاوا هەزینەیەکی قورسی نەبێت، بەتایبەت ئەوەی کە لەوانەیە هەتا ئێستا دڵنیایی تەواو لە دەرئەنجامی شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی سەرشەقام لە بیروڕای گشتیدا جێنەکەوتبێت. هەڵوێستێکی لەو شێوەیە، بەبێ ئەوەی پلانی پێویست بۆ شێوازەکانی تری نارەزایەتی، وەک مانگرتن یان نافەرمانی مەدەنی هەبێت، یان هەمان نەرمی نواندن لە تاکتیکدا لەبەرچاو نەگرێت و لە ناوەندێکی (ڕێبەرایەتی) دیاریکراوەوە ئاراستە نەکرێت، بە کردەوە ڕێگای پەیوەستبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک کە بێگومان لەم دۆخەی ئێستا نارازین، دەبەستێت، ئەوەش شتێکە کە ویستی دەسەڵاتە و بۆ ئەو مەبەستەش کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی سەرشەقام بەخێرایی بەرەوڕووی توندوتیژی دەکاتەوە کە هەزینەکان بباتەسەرەوە و پێش بە پەیوەستبوونی خەڵک بەو پرسەوە بگرێت هەربۆیە ناکرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە فاکتەری سەرەکی سەرکەوتنی شۆڕشەکان بریتییە لە بەشداری بەرین و ملیۆنی نارازیان لەو کۆبوونەوە نارەزایەتییانەدا کە بەشێوەیەکی سروشتی پێوەندییەکی پێچەوانەی لەگەڵ ڕێژەی توندوتیژییەکان لە نارەزایەتییەکاندا هەیە. لە ڕاستیدا ئەو بزووتنەوانەی کە نەکەونە داوی توندوتیژییەوە، یان بە واتایەکی تر، ناتوندوتیژن، زیاتر دەتوانن چین و توێژێکی بەرینتر لە کۆمەڵگا بەرەو بەشداریکردن لە خەبات و نارەزایەتییەکان ڕابکێشن و تەنیا لەو بەشە لە خەڵکدا سنووردار نەبێتەوە کە لە ڕووی دەروونی یان جەستەییەوە ئامادەیی بەشداری لە شەڕ و تێکهەڵچوونەکانیان هەیە. بەشێوەیەکی گشتی بۆ زۆربەی حکومەتەکان، سەرکوتکردنی گروپێک یان تەنانەت ڕێکخراوێکی بچووک گەلێک ئاسانترە لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەیەکی مەدەنی بەربڵاو. هەروەها بزووتنەوە ناتوندوتیژەکان شانسی زیاتریان هەیە بۆ ئەوەی کە خەڵکانی دوودڵ بەرەولای خۆیان ڕابکێشن؛ واتە ئەوانەی لە کەشوهەوای توندوتیژدا، حکومەت ئاسانتر دەتوانێت سەبارەت بە داهاتوو نیگەرانیان بکات و بەو هۆیەوە لە بزووتنەوەی نارەزایەتی دووریان بخاتەوە. لە پێوەند لەگەڵ پرسی توندوتیژیدا، نابێ ئەوە پشتگوێ بخرێت کە دەسەڵاتی سیاسی، وەک پارێزەری دۆخی ئێستا، بە تەواوی تواناوە لە دژی گۆڕانکاری لە دۆخی ئێستادا دەوەستێتەوە (نموونەیەکی ڕوونی ئەوە کۆماری ئیسلامییە)، بۆ ئەو مەبەستەش واتە پاراستنی دۆخی ئێستا، پەنا دەباتە بەر توندوتیژی بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە پەرەسەندنی نارەزایەتییەکان. لێرەدا ئەگەر باس لە ناتوندوتیژی دەکرێت، بە مانای ناچارکردنی حکوومەتە بۆ خۆ بەدوورگرتن لە پەنابردنەبەر کردەوەی توندوتیژیانە. بەم تایبەتمەندییەوە ناتوندوتیژی بزووتنەوەیەکی بەرگریکاری مەدەنییە کە خۆی لە خۆیدا زۆر هێرشبەرە، چالاکانە قەیران بۆ حکومەت دروست دەکات، بە بەکارهێنانی تاکتیکی جۆراوجۆری خەبات، حکومەت لەکار دەخات و بەرگریکاران و لایەنگرەکانی لەقاو دەدات و شەرمەزاریان دەکات و هەروەها بە خستنە ژێر مەترسی بەرژەوەندییەکانیان گوشار دەخاتە سەریان. لە بنەڕەتدا بەرخودان و خۆڕاگریی مەدەنی لە چوارچێوەی ئەم سیستەم و یاسایانەی هەنووکەدا پێناسە ناکرێت، چونکە ئاوێتەیەکە لە سەرپێچی کردنی بە ئانقەست لەو یاسا و ڕێسا ناعدڵانەی ئێستا. ئەوە تەشکیلاتە کە دەتوانێ ئەو کارە بکات و بۆ ئەم مەبەستەش واتە پووچەڵکردنەوەی ڕێوشوێنە دژە شۆڕشگێڕییەکانی حکومەت، بوونی تەشکیلات و ڕێکخراوە پێویستییەکی بێ ئەملاو ئەولایە. بەڵام ڕێکخراو چۆن دروست دەبێت؟ (وردەکاری زیاتر لە هەمان بابەتدا...)

لە ڕاستیدا بەڵێنی گۆڕانکارییەکی سادە و خێرا، سیاسەتی لە چاوەڕوانیدا ڕاگرتنی ڕووداوە لەناکاو و چاوەڕواننەکراوەکانە کە ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەلایەن ڕزگارکەرانەوە ڕووبدات، بەڵام ئەزموونی مێژوویی سەلماندوویەتی کە ئەو بەڵێنانە زۆرجار بە قازانجی ئەو لایەنانە کۆتایی هاتووە کە بۆ «ڕۆژی واقیعەکە». «، ڕێکخستن و تەشکیلات و پلانی پێویستیان هەبووە. سیاسەتی لە چاوەڕوانیدا ڕاگرتن پتانسێلی نارەزایەتی کۆمەڵگا بە ئاراستەیەکدا دەبات کە تەنیا دبێتە هۆی بەتاڵکردنەوەی خێرای هەست و سۆزی گشتی، نەک پێکهێنانی گۆڕانکاری گەورە، ئەو بەڵێنی و دروشمە ئاگرینانە، لە کردەوەدا دەبێتە ئامرازێک بۆ جێگیرکردنی ئەو دۆخەی ئێستا، ئەگەر تەنانەت بتوانێت کاراکتەرەکانیش بگۆڕێت، بەڵام پرسی گەڕاندنەوەی مافی ژیان لە تەپوتۆزی ئەم دروشمە ئاگرینانەدا بەتەواوی گوم دەبێت. ئاکامی ئاخێزەکانی بێ خواستی گۆڕانکاری بنەڕەتی، لە نەبوونی بەستێنێکی گونجاو و پێویست بۆ شۆڕش و هەروەها نەبوونی ستراتیژی ڕوون بۆ بە سەرکەوتن گەیاندن و شکڵ پێدان بە گوتارێکی گشتگیر سەبارەت بە ستراتیژ، بە ڕوونی سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەن. نوێنەرایەتی خۆسەپێنی جەماوەر، ئەوانەی کە لە بەردەوامی شۆڕش و ڕادیکالیزمی دەروونی بزووتنەوەکە دەترسان، پەیتا پەیتا خەڵکی نارازییان بە گۆڕانکاری خێرا ئومێدەوار دەکرد بۆ ئەوەی بتوانن هیوا و ئاواتەکانیان بەبادا بدەن، ڕێگری بکەن لە گەشەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و لە درێژماوەشدا ببنە هۆی بێ هیوایی گشتی سەبارەت بە ئیمکانی هەرچەشنە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی. بە لام لە واقیعدا ئەو نائومێدییە لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکوو بەرهەمی ئەو ڕوانگەیەیە کە وادەی سەرکەوتنی شۆڕشێکی خێرا و ئاسان دەدات وتمان کە شۆڕش بەپێچەوانەی ئەوەی کە هەندێک لایەن بەڵێنی بەسەرکەوتن گەیشتنی خێرا و ئاسانی دەدەن، بەشێوەیەکی گشتی پرسێکی ئاڵۆز و زەمانبەرە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە شۆڕش ئیمکانی نییە. شۆڕش بە هێزگەلێک مومکین دەبێت کە نەکەوتبێتنە داوی وەهمی ڕووخاندنێکی خێرا و هەروەها هەڵسەنگاندنێکی دروستیان بۆ بارودۆخی ناوخۆ و جیهانی هەبێت و لە ڕێکخستنی هەنگاو بە هەنگاو و بەرەوپێشبردنی شۆڕش سوودیان وەرگرتبێت. ئێمە دەڵێین شۆڕش بە هەموو ئاڵۆزی و ڕێگا دژوارییەکانییەوە مومکینە و هیچ ڕێگەیەکی دیکە بۆ ڕزگاربوون لە دەست دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و خۆسەپێن لەبەردەستدا نییە. لە بەرامبەر دارشتنی بیرۆکەی گۆڕانکاری خێرا و ئاسان، هەر لە سەرەتاوە جەختمان لەسەر هەوڵدان بۆ بەردەوامی و نەرمی نواندن لە تاکتیکەکاندا بەمەبەستی پێکهێنانی ڕێبەریی و بەهێزکردنی و هەروەها لەسەر ئەو میتۆدانەی کە ئیمکانی کەڵکوەرگرتن لە زۆرترین تواناییەکانی خەڵکی نارازی فەراهەم بکات، کردەوە. ئێمە پێمان وایە کە سەرەڕای دامرکانەوەی ئاخێزی شۆڕشگێڕانە لە هەندێک لە گۆڕەپانەکاندا، ناتوانرێت ئاسەواری ئەم بزووتنەوەیە لە کۆمەڵگای ئێراندا بسڕدرێتەوە. سێبەری شۆڕش بەردوام باڵی بەسەر ئەم کۆمەڵگایەدا کێشاوە و تا دێت پایەکانی خۆی زیاتر ڕێکدەخات بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بە بەهێزێکی زیاترەوە سەرهەڵبداتەوە و مانای واقیعی بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، ببەخشێت

***

دواستون

## «قەل بە قەل ، دەڵێت: ڕووت ڕەش بێت»

**ن. سەلام قادری:**

واقیعەکانی جیهانی سەرمایەداری تێکەڵێکە لە جنوون و دڵڕەقی و مەزهەلە؛ ئەمەش لەو کاتەدا ڕوونتر دەردەکەوێت کە دوو لایەن جەنایەت دەخوڵقێنن و یەکیان خۆی پێ ئینسانترە چوونکە تۆسقاڵێک لەویتر کەمتر جەنایەتی کردووە. ڕاستی و واقیع لە وەها جیهانێکدا هەمیشە لاخوێس لە یەکتر دەکەن؛ چوونکا واقیعەکان بە زەبرێکی وەهاوە دەسەپێنن کە ڕاستییەکان و هیواکان دەبن بە خەون و خەیاڵ. لەم ڕۆژانەدا کە گرووپگەلی دەستکردی کۆماری ئیسلامی «حەماس وجیهادی ئیسلامی» لە ژێر ناوی پارێزگاری لە مافی دانیشتوانی غەززە دەستیان دایە کۆمەڵێک تاوانی پاساوهەڵنەگر دژ بە خەڵکانی سڤیل و بەم کردەیەیان بوونە هۆی ئەوەی ماشینی جەنگی دەوڵەتی مەزهەبی ئیسرائیل بۆ جارێکی تر بکەوێتە کار سووڕێکیتر هەڵوێست نوواندنی گاڵتەجاڕانەی سولح خوازانی چنگ و پەل خوێناوی دەستی پێکرد. شک لەوەدا نییە کە ئەوەی کە هەردوو بەرەی شەڕکە دەیکەن شتێک نییە زیاتر لە جەنایەت و جنونی دوو لایەنی ئایینی ڕاسترەو، کە تینووی شەڕ و کاولکاری و خوێن ڕشتتنن و هەرکامەو بە جۆرێک پاساو بۆ کردەوەکانی دەهێنێتەوە، بەڵام ئەوەی لەم جەنایەت و جنونە قیزەونترە، هەڵوێست نواندنی گاڵتەجاڕانەی کۆمەڵێک دەوڵەتی جۆراوجۆرە کە دێن و لایەنێک ئیدانە دەکەن و فرمێسک بۆ لایەنێکی تر دەڕێژن و داوای دان بە خۆداگرتن دەکەن. لە ئاغای بایدن و دەوڵەتی ئامریکاوە بگرە کە میراتگری ئەبوو غوریبەو، خاوەنی مێژوویەکی دەوڵەمەندە لە بەکار هێنانی بۆمبی ئەتۆم و بۆمبی خۆشەیی، تا دەگاتە حکومەتی ئیسلامی ئێران کە خوێنی خەڵکی یەمەن و سوریە و لەوانەیش تازەتر زاهیدان و کوردستان لە چەنگ و پەلی دەتکێ. لە هەموو ئەوانەی باسکراو ئەوانەیش باسنەکراو لەقەڵەم کەوت مەزهەلەتر سوڵتان ڕەجەبە. جەنابی سوڵتان ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بە دەم هاوێشتە کردنی موشەک و کۆمەڵکوژی لە ڕۆژئاوای کوردستان خەریک دەرس بە بینیامین نیتانیاهۆی دەستە برای دەدات کە دەس لە خەڵکانی سڤیل بپارێزێ و دان بە خۆدا بگرێت. پێشینیان لە بارودۆخێکی ئاوەهادا کە باب و باپیرانی ڕەجەب جەنایەتیان دەکرد و بەرماڵیشیان لەسەر ئاو دەگەڕا، دەیانگوت: « قەل بە قەڵ ئەڵێت ڕووت ڕەش بێت »

***